حكومەتی هەرێمی كوردستان ـ عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەكان

پەروەردەی ئیسلامی

بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی

ئامادەكردنی

عبد الله عبد الرحمن بابان   فاروق محمد علـي عباس   واحد حمه صالح

عبد الجبار محمد شريف   ئازاد عـمـر سيـد أحـمـد   خواجه طه شاهين

وەرگێڕانی بۆ كوردی

صادق عثمان عارف

چاپی چوارەم   ٢٠١٥زایینی – ١٤٣٦كۆچی – ٢٧١٥كوردی

سەرپەرشتی زانستی: فاروق محمد علي عباس
سەرپەرشتی هونەری چاپ: عوسمان پیرداود کواز ـ خالد سلیم محمود
تایپیێست و نەخشەسازی ناوەرۆك و جێبەجێکردنی بژاری هونەری: یوسف أحمد اسماعیل
نەخشەسازی بەرگ: هادی محمدأمین محمد علی

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

پێشەکی

ئەم پەڕتوکە- پەروەردەی ئیسلامی بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی هەنگاوێکی دیکەی نێوکاروانی گۆڕانکاریو گەشەپێدانی پڕۆگرامی پەروەردەی ئیسلامییە، کە وەزارەتی پەروەردە بەلیژنەیەکی پسپۆڕی سپاردووە.

لەئامادەکردنی ئەم پڕۆگرامەدا ڕەوتێکی نوێ ڕەچاوکراوە، ئەویش گرینگیدانە بەپەند وەرگرتن لەژیانی پێغەمبەرانو هەندێك لەهاوەڵانو شوێنکەوتوانو زانایان، وەك سەرمەشقی خزمەتکردنو بانگەواز بۆئاینی ئیسلام و خوداناسی، ئەمە سەرەرای ئاماژە پەرستشیەکان، بەمەبەستی بەرچاو روونکردنی نەوەکانمانو شارەزابوونیان لەئاینو پەروەردەکردنیان بەشێوەیەك رۆڵی خۆیان بگێڕن لەبنیاتنانی ئایندەی نیشتماندا.

وەك لەدەستپێکی پەڕتوکە پێشترەکانی ئەم پڕۆگرامەدا ئاماژەمان پێکردووە، رۆڵی لیژنەکەمان لێرەدا کۆتایی پێدێتو ئەرکی هاوڕێیانی پەروەردەکارمان دەست پێدەکات لەگەیاندنی ئەم پەیامە بە رۆڵەکانمان. هەر کەم و کوڕیو هەڵەو پەڵەیەکیشیان بەدیکرد هیواداریین ئاگادارمان بکەن تا لە چاپەکانی داهاتودا چارەسەربکەین.

لەخودای باڵادەست دەخوازین هەموومان سەرکەوتووبکات بۆ بەئامانج گەیاندنی کاروانی پەروەردەیی لە کوردستاندا.

لیژنەی ئامادەکار

﴿وَقُل رَّبِّ زِدْنِي عِلْمًا﴾

(طه ١١٤)

وەرزی یەکەم

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ وَٱلۡعَصۡرِ ١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِى خُسۡرٍ ٢ إِلَّا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ
بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ٣ ﴾ (صدق الله العظيم)

وانەی یەکەم

باوەڕ بە پەڕتوکە ئاسمانیەکان

ئازاد داوای لەباپیری کرد(کە شارەزا بوو لەژیانی پێغەمبەران)، کورتەیەکی بۆ باسبکات سەبارەت بەو پەندو وانانەی لەدابەزینی پەڕتوکە ئاسمانیەکان بۆ پێغەمبەران وەردەگیرێت.

باپیری گوتی، کوڕم، خودای گەورە بە پەیامەکانی بۆیان پشتگیریو کۆمەکی دەکردن، لەهەمان کاتدا فێڵی دوژمنەکانیانی پوچەڵ دەکردەوەو سەرشۆری دەکردن. ئازارو کێشەکانی ژیان سەختترین تاقیکردنەوەن بۆ مرۆڤ، بە ئەزمون، پێغەمبەران بەهێزترو خۆڕاگرتردەبونو سەرکێشەکانیش کە پێشەنگی بێباوەڕی بوون شکستیان دەخوارد. ئەمەش پەندە بۆ هاوشێوەکانیانو وانەی ئەزمونیشە بۆ نەتەوە چەوساوەکان، تا خۆڕاگر بنو دڵنیابن لەسەرکەوتن گەر دواشکەوێت.



ئازاد: باپیرە هەندێك زانیاریشم لەبارەی پەڕتوكە ئاسمانییەكانەوە پێ بڵێ:

باپیرە: باشە كوڕم. هەندێك لەو پەڕتوكانە، وەك: سوحوفی ئیبراهیم(دخ)و موسا(دخ) خودا لەقورئاندا فەرموویەتی: ((إِنَّ هَذَا لَفِي الصُّحُفِ الْأُولَى (١٨) صُحُفِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى (١٩))) (١٨-١٩ الاعلى).

تەورات: ئەو پەڕتوكەیە كە خودا ناردیە خوارەوە بۆ موسا پێغەمبەر(دخ)و فەرمانیشی كرد كە پێغەمبەرانی دوای ئەو پەیڕەوی حوكمەكانی بكەن.

زەبور: ناوی ئەو پەڕتوكەیە كە بۆ داود پێغەمبەر(**دخ**) دابەزیوە، وەك قورئان ئاماژەی پێدەكات:((وَرَبُّكَ أَعْلَمُ بِمَنْ فِي السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ وَلَقَدْ فَضَّلْنَا بَعْضَ النَّبِيِّينَ عَلَى بَعْضٍ وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُورًا)) (٥٥-الاسراء).

ئینجیل: پەڕتوكی عیسا پێغەمبەرە(دخ). قورئان دەفەرموێت:((ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَى آثَارِهِمْ بِرُسُلِنَا وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَآتَيْنَاهُ الْإِنْجِيلَ ...)) (٢٧- الحديد).

قورئانی پیرۆز: ئەو پەڕتوكەیە كە خودای پەروەردگار كردیە موعجیزەی پێغەمبەرمان موحەمەد(دخ) كەپەیامێكی گشتییە بۆهەموو مرۆڤ وجیهانیان، نەك تەنها بۆ نەتەوەیەكی دیاریكراو، وەك پەڕتوكە پێشووەكان. خودا دەفەرموێت:((وَما أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِلنَّاسِ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ))(٢٨سبأ).

موسڵمان باوەڕی بە گشت ئەم پەڕتوكانەو پەیامەكانی خودا لەنێوانیاندا هەیە، چونكە مەبەست ڕێنیشاندانی مرۆڤە لەهەموو پەیامە ئاسمانیەكاندا.

ئازاد: سوپاس باپیرە گیان، زانیارییەكان زۆر بەنرخن.

گفتوگۆ

١- پێناسەی باوەڕ بکە.

٢- مەبەست لەدابەزینی پەڕتوکە ئاسمانیەکان بۆسەر زەوی چییە؟

٣- چۆن دەسەلمێنرێت قورئان موعجیزەیە.

٤- خودای گەورە بەندەکانی بەچی تاقی دەکاتەوە؟

وانەی دووەم

چاکەکاری لەخودا پەرستی

خودای گەورە فەرموویەتی: ((بَلَى مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَلَهُ أَجْرُهُ عِنْدَ رَبِّهِ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ)) (١١٢-البقرة).

وفەرموویەتی: ((وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ وَاتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَاتَّخَذَ اللَّهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلًا))(١٢٥-النساء).

سەرەتا باسی چاکترین شێوازی خوا پەرستن بکەین لەئاین، کە بریتییە – لەوەی لە وەڵامی پرسیاری حەزرەتی (جبرائیل) لەبارەی ئیسلام وباوەڕبوون، کەچووە لای پێغەمبەر (دخ) لەشێوەی پیاوێکی زۆر سپی وپرچ ڕەش ومانـدبوونی پێوە دیارنەبوو، هاوەڵانی پێغەمبەر(دخ) لەچوار دەورەی دانیشتبون (جبرائیل)یان نەناسی، ئەوەندە لەپێغەمبەر نزیك بووە تاوەکو چۆکی بەرچۆکی کەوتو دەستی لەسەر ڕانەکانی داناو پرسیارێکی گرنگی دەربارەی ئیسلام لەپێغەمبەر(دخ) کرد. ئینجا پرسیاری باوەڕداری وچاکەکاری لیێ کرد، پێغەمبەر (دخ) فەرمووی:((ان تعبد الله كانك تراه فان لم تكن تراه فانه يراك)) ئەم فەرموودەیە، چەند واتایەکی گەورەو مەزنی هەیە، چاکەکاری دوحاڵەتی هەیە: یەکەم بەرزەکەیان ئەوەیە کەخودای گەورە بەدڵ ببینی هەر وەك ئەوەی بەچاو دەیبینی، هەر وەکو خۆی فەرموویەتی تۆش دەیبینی واتە دەتبینی، دووەم ئەوەیە بهێنییە بەرچاوی خۆت کەپەروەردگار هەموو کارەکانت دەبینێت، هەروەکو فەرموویەتی هەموو کارێك دەبینێتو بەرهەمی ئەو دوو حالەتەش ناسینی خودایە بەراستی.

ئەم واتایە زۆر لەقورئان باس کراوە خودا دەفەرمووێت:((أَلَا إِنَّهُمْ يَثْنُونَ صُدُورَهُمْ لِيَسْتَخْفُوا مِنْهُ أَلَا حِينَ يَسْتَغْشُونَ ثِيَابَهُمْ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ))(٥- هود).

پەروەردگار لەقورئانی پیرۆز بۆمان ئاشکرا دەکات هیچ شتێك لای ئەو وون نیەو نهێنیەکان ئاشکران، ئەو ئاگای لەناخی هەموو کەسێکە، جا ئاشکرابێت یاخود نهێنی، گەر مرۆڤی بێ توانا هەستی پێ بکات، کە خودای گەورە لەو بێئاگا نیە ئاگاداری هەموو شتێکە لەبڕواداریو ترس لەپەروەردگار.

پلەی بەرزی پەرستش ئەوەیە خودا بپەرستی وەك ئەوەی کەیبیبینی، کە تۆ ئەو نابینی ئەو تۆ دەبینیٚ ئاگای لێتە، ئەمە واتای راستی پەرستش و، بەمەش رەزامەندی پەروەردگار بەدەست دێنێت وە سەرکەوتوو دەبێت.

پرسیار

١- کیٚ چووە لای پێغەمبەر (دخ)و پرسیاری کاروباری ئاینی لێپرسی؟ پرسیارەکەی دەربارەی چاکە بوو مەبەستی چی بوو؟

٢- لەم ئایەتە پەروەردگار ئاماژە بەچی دەکات:((بَلَى مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَلَهُ أَجْرُهُ عِنْدَ رَبِّهِ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ)).

چالاکی

بە پشت بەستن بە زانیارییەکانی وانەکانی پێشوو، بابەتێك بنووسە دەربارەی چاکە لە زۆر لایەنەوە؟

وانەی سێیەم

دوای مردنی مرۆڤ چ شتێك بەسوودە

پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: ((**اذا مات ابن ادم انقطع عمله الا من ثلاث صدقة جارية او علم ينتفع به او ولد صالح يدعو له**)).

واتە: مرۆڤ دوای مردنی دادەبڕی لەدونیاو هیچ کردارێکی بۆ نامێنێت تەنها لەسیانیان ئەوانیش: چاکەی نەبڕاوەیە، وەك تەرخانکردنی بەرهەمی باغەکەی بۆ خواردنی هەژاران، یان خانویەك بۆ نیشتەجێبوونی هەژارێك، یان کەم دەرامەتێك، کە بەردەوام سوودی لێ وەردەگرێت، دووەمیان سوود وەرگرتن لەزانست وزانیاری هەرکەسێك دوای مردنی بەبێ کەمکردنەوەی پاداشتی چاکەکەی لەدونیاو دوارۆژدا بەردەکەوێت، سێیەمیان پاڕانەوەو نزای وەچەیەکی سوودمەندن بۆ کەسی مردوو کەپێغەمبەر (دخ) فەرموویەتی: ((**ولد صالح يدعو له**)) مرۆڤی بێ سوود نە بایەخ بەخۆیی ونە بەدایکی وباوکی دەدات، ئەمەش ئاماژەیە بەگرنگیدان بەپەروەردەی راستەقینەی منداڵان، تاسوود بەخش بن لەژیانو دوای مردنی کە پێغەمبەر (دخ) ئاماژەی پێکردووە نزا بۆ باوكو دایك لەدوای کەسانی دیکە لەخزمان، باشترە لەوەی پاداشتی پەرستنیش بۆ بکەی، لەبەرئەوەی پێغەمبەر (دخ) نەی فەرمووە وەچەیەکی چاك نوێژو رۆژو.

له درێژەی فەرموودەکە هاتووە کە مرۆڤ دوای مردنی لەکردارەکانی دادەبڕێت، تەنها پێغەمبەر (دخ) ئاماژەی پێکردووە مرۆڤ نوێژو رۆژو نزاو پاڕانەوە لەخودای گەورە داوا بکات، بۆیە نزای برای موسڵمان سوودی هەیە هەرچەندە کەسێکی نزیك نەبێت کەخودای گەورە فەرموویەتی:

((وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ))(الحشر -١٠).

پەروەردگار باس لەو کەسە چاکانە دەکات کە دوعاو نزا بۆ خۆیان وئەو کەسانە دەکەن کەبڕوادارن، ئەوکەسە مردوو بێت یان زیندوو، پێغەمبەر (دخ) فەرموویەتی هەر موسڵمانێك مرد (٤٠) چل پیاوی باوەڕدار لەسەر جەنازەکەی ئامادەبوون، خودای گەورە بەبەر شەفاعەتی خۆی دەخات، هەروەها پێغەمبەر (دخ) فەرموویەتی مردوو سوودمەند دەبێت لەنزای ئەو کەسانەی نوێژی مردووی لەسەردەکەن. هەروەها نزای منداڵ بۆ باوك و دایك وەك کرداری خۆیان وایە، چونکە بەشێکە لەوان.

پرسیار

١– ئەو کردارانە چین کەسوودیان بۆ مرۆڤ هەیە لە دوای مردنی؟

٢– بۆچی منداڵ بەکرداری مرۆڤ هەژمار دەکرێت؟

٣– مەبەست لەزانستی سوودمەند چییە؟

چالاکی

به یارمەتی مامۆستاکەت ئەمانە راڤە بکە:

خودای گەورە فەرموویەتی:((وَالَّذِينَ جَاءُوا مِنْ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ)).

پێغەمبەر (دخ) فەرموویەتی :((هەر موسلمانێك مردو چل باوەڕدار نوێژی لەسەر بکەن بەبەر شەفاعەتی خودا دەکەوێت)).

وانەی چوارەم

برایەتی و پێکەوە ژیان لەئیسلامدا

نەوزاد داوای کرد لەسەرداری هاورێی کەسەبارەت بە هۆگریو پێکەوە ژیان لەئیسلامدا بۆی بدوێت.

سەردار گوتی: گوتاربێژی هەینی مزگەوتەکەی نزیکمان، گوتاری ئەم هەفتەیەی تایبەت کردبوو بەباسی برایەتیو پێکەوە ژیان لەئیسلامدا، دەیگوت: ئیسلام ئاینی خۆشەویستیو رێزو خوێندنەوەی بەرانبەرو یەکسانی نێوان مرۆڤەکانو رەگەزەکانو گەلانە، پێغەمبەری سەروەر(دخ) پەیامەکەی لەسەر بنەمای بانگەواز بۆ یەکدیناسینو برایەتی مرۆیی دارشتووە.

ئەم بنەمایەی کە بناغەی پەیوەندی موسڵمانە بەبرای موسڵمانیەوە. ((لا فَضلَ لعَربيَ على أعجَميَ ولا لأعجميَ على عربيَ الاَ بالتقوى)). ئەمە رەهەندێکە لێبوردەییو مرۆڤدۆستی دەکاتە بناغەیەکی پتەو لەپەیوەندیەکاندا، تاوەکو هەمووان بەخۆشەویستیو برایەتی بژین کە لەم ئایەتە پیرۆزەدا بەدی دەکەین: ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ (١٣)))(١٣- الحجرات)

گفتوگۆ

١- پەیامی ئاسمانی چییە؟

٢- نموونەی بانگهێشتکردن بۆ برایەتی بەفەرمودەیەکی پێغەمبەر بێنەرەوە.

وانەی پێنجەم

دادگەری (داد پەروەری)

خودای گەورە دەفەرموێت:((إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَىٰ وَيَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ))(٩٠-النحل).

لەم ئایەتە سێ بنەمای پەیامی خودایی هاتووە:

١- دادگەری.

٢- چاکەکاری بەجوانترین شێوە.

٣- مافدان بەکەس وکار(خزمان و دۆستان).

بنەمای یەکەم - دادگەری

بریتییە لە(هاوسەنگی راگرتن لەمامەڵەو ئاڵ وگۆردا) هەروەها بەرانبەر بە پرۆسەی سولح ونەهێشتنی ناحەزیدا. بناغەیەکی گرنگە کە بەرپرس لەسەرپەرشتی کردنی ژێر دەستانیدا رەچاوی بکات. دادگەری چەند رەهەندێکی هەیە:

١- مرۆڤ لەگەل دەروونی خۆیدا ئەویش بە (جڵەو گیری دەروون لەتەماع و راهێنانی لەسەر رازی بوون و قەناعەت).

٢- لەنێو مرۆڤەکاندا بە (ئامۆژگاری یەکدی کردن و دوورکەوتنەوە لەناپاکی وئازاردان و ئاکاری ئاشکراو نهێنی وەك یەك بێت).

داد پەروەری لەحوکم وفەرمانڕەواییدا

خودای کاربەجێ فەرموویەتی:((... وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا))(٥٨- النساء)

خودای گەورە بەرژەوەندی وکاری هاونیشتمانیانی سپاردۆتە دەست دادوەرەکان، بۆیە پێویستە ئەوانیش دادگەربن لەحوکمداندا، بە یەکسانی مامەڵەی هەردوو لایەنی دادوەری بکەن لەحوکم، تەنانەت لە سەیرکردنیشدا لایەنگری پێوە دیارنەبێت. هەروەها لەسەر دادوەرەکان پێویستە بە ئارامی ونەرمی قسەبکەن ودووربن لەئارەزوبازی ولایەنگری چونکە دادگەری بناغەو بیمەی دەسەلاتە.

داد پەروەری لەشایەتیداندا

ئ - بەرانبەر ناحەزو دوشمنیش، دادگەری پێویستە. خودای گەورە فەرمویەتی:
((وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى))(٨-المائدة).

دادگەری بەرانبەر دوشمن وبێ باوەڕیش، جیاوازی نیە لەگەل نزیکەکان وباوەڕدارانـدا هیچ پاساوێك دروست نیە بۆلایەنگری، ئەمەش دەبێتە هۆی دانەبەزینی قین وخەشمی خوداو هێمایە بۆ گوێڕایەڵی پەروەردگار.

ب- بەرانبەر خزمان ونزیکان: خودای گەورە فەرمویەتی: ((وَإِذَا قُلْتُمْ فَاعْدِلُوا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى)) (١٥٢-الانعام).

واتە: گەر ئەو کەسەی حوکمەکە بەرانبەری دەکرێت لەخزمانیش بێت، پێویستە هەر دادگەرانە بڕیاربدرێت نە زیادەرەوی ونەکورت هێنان بەرانبەری بکرێت، یان لەدادگەری لابدرێت ولەسزا دەربازبێت. چونکە ئەو رەفتارە مافی خەڵکی دیکەی تێدا ون دەبێتو سپاردەکان دەشێوێن.

بەڵام ئایە تەنها بە بنەمای دادپەروەری کۆمەڵگە تەندوتۆڵو یەکگرتوو دەبێت؟ یان بنەمای دووەمیش پێویستە کە: چاکەکارییە.

بنەمای دووەم - چاکەکاری

چاکەکاری لەجوانترین شێوەدا، گەیاندنی خێرو خۆشی بەخەڵك وگەیشتن بەپلەی هەرەبەرز لەکاری دنیاو دوارۆژیشدا. کە گەیشتنە بەپلەی هەرەجوان وتەواوو تەریب بەفەرمانی خوداو سوننەتی پێغەمبەرمان (دخ)، هەروەها نەوەستان لەئاستی بەجێهێنانی ئەرك، بەڵکو تێپەڕاندنی ئەو رەوشە بەرەو پێشبرکێ لەچاکەدا.

بنەمای سێیەم - مافدان بەخزمان ونزیکان

فەرمانمان پێکراوە کە کەس وکارو نزیکان بێبەش نەکەین لەوەی خودا پێی بەخشیوین، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی توندوتۆڵکردنی پەیوەندی نێوان خێزانو تاکەکانی، خۆشەویستیو سۆزو هاوکاری گەشە دەکات. بەمەش کۆمەڵگە بەئاراستەی چاکەو خۆشی هەنگاو دەنێت.

کەواتە بە پیادەکردنی ئەو سێ بنەمایە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەهێز بەدی دێتو هۆکارەکانی کێشەو پەرتبوون لاواز دەبن، بەختەوەری لەنێوان خەڵکدا باڵدەکێشێتو دەرون ودڵەکان ئاسودە دەبن.

گفتوگۆ

١- پێناسەی دادپەروەری بکە، چەند جۆرە؟

٢- شایەتیدان چۆن دەبێت گەر دژی دوشمنیش بوو؟ بەئایەتێکی قورئان پشتگیری بکە.

٣- ئەمانە شیبکەرەوە:

ئ- خودای گەورە فەرمانی پێکردوین لەبەخشیندا خزمان بێبەش نەکەین.

ب-بۆچی پێویستە پلەی (احسان) چاکەکاری بگاتە ئاستی لوتکەی هەرە جوان و پوختی.

وانەی شەشەم

ئەمەکداری

خودا دەفـەرموێت: ((وَأَوْفُوا بِعَهْدِ اللَّهِ إِذَا عَاهَدْتُمْ وَلَا تَنْقُضُوا الْأَيْمَانَ بَعْـدَ تَوْكِيـدِهَا وَقَـدْ جَعَلْتُمُ اللَّهَ عَلَيْكُمْ كَفِيلًا إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ (٩١)))(النحل٩١).

ئەمەکـداری پابەندبوونـە بـە پەیمانـەوە، دەبێتـە هـۆی ڕەزامەنـدی خـوداو بنەمایـەکی ئاینییـە. بەمـەرجێك ئـەو پەیمانـە زیـان گەیانـدنی بۆ هیچ کـەسو هانـدەر نـەبێت بۆ تـاوانو پشتگیری لەکاری ناڕەواو ڕێگری لەبەرنامەی خودایی تێدا نەبێت. گرنگە لەپـەیمان بەستندا خودای پەروەردگار بەچاودێر بزانرێت کە بێگومان لێپرسینەوە لەگەڵ پەیمانشکێن دەکات.

بردنەسـەری پـەیمان لەسـیفەتی مرۆڤـە هۆشمەندەکانـە، وەك خـودا دەفـەرموێت: ((أَفَمَـنْ يَعْلَمُ أَنَّمَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ الْحَقُّ كَمَنْ هُوَ أَعْمَى إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ (١٩) الَّذِينَ يُوفُونَ بِعَهْدِ اللَّهِ وَلَا يَنْقُضُونَ الْمِيثَاقَ (٢٠))) (الرعد).

لـەم ئایەتـەدا ئامـاژەی تێدایـە کـە مرۆڤـە ژیرەکـان بـە ئەمـەکن بـۆ پەیمانـەکانیانو پەیمانشکێنی ناکەن. چونکە خودای گەورە بەشایەتو چاودێر دەزانن.

جۆرەکانی ئەمەکداری

١- پابەندیو وەفاداری بەگرێبەستەوە.

خودای گەورە دەفەرموێت:((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُـوا أَوْفُـوا بِـالْعُقُودِ أُحِلَّـتْ لَكُـمْ بَهِيمَـةُ الْأَنْعَامِ إِلَّا مَا يُتْلَى عَلَيْكُمْ غَيْرَ مُحِلِّي الصَّيْدِ وَأَنْتُمْ حُرُمٌ إِنَّ اللَّهَ يَحْكُـمُ مَـا يُرِيـدُ (١))) (المائدة).

واتـە: بەئەمـەك بـن و ئـەو پـەیمان و گرێبەسـتانە بپـارێزن پابەنـدیتان پێـوە ڕاگەیانـدووە، گرێبەست لەئیسلامدا لەسەر ئەم بنەمایە بەندە: پێویستە لەسەر هەرکەسێکی موسڵمانی خاوەن باوەڕ پابەندبێت بە پەیمانو گرێبەستیەوە، گەر ڕێگری نەبوو.

ئەم گرێبەستانەش:

ئ- یان لەناخی بەندەکان خۆیاندایە، وەك ئەوەی: **(خۆی سوێند دابێت لەسەر ئەنجامدانی کارێکی ڕێپێدراو).**

ب- یــاخود لــه نێــوان خــوداو بەندەکەدایــە، وەك:(**ئەرکــە شــەرعیەکانی وەك نوێــژو زەکات...هتد**).

پ - یان لەنێوان مرۆڤەکاندا، وەك: (**شەریکی، هاوبەشیکاری**).

٢- سەرڕاستی لەپێوان و کێشاندا.

خودا دەفەرموێت:((وَأَوْفُوا الْكَيْلَ إِذَا كِلْتُمْ وَزِنُوا بِالْقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا (٣٥))) (الاسراء).

خودای میهرەبان فەرمانمان پێدەکات لەکێشان و پێواندا سەر ڕاست بین، کە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی کڕیارو خۆشنودییان، سەرەڕای پاشە ڕۆژی گەش و ڕەزامەندی خودای پەروەردگارو پاداشتی لەدوارۆژدا.

ز	وشە	مانا
١-	العقود	گرێبەست و پەیماننامەیەك لەسەرخۆت کردبێت بەماڵ یان لەنێوان خۆت و کەسانی دیکەدا بێت یان بەنوسراوی.
٢-	ذا القربى	کەسە نزیکەکان (خزمانی نزیك).
٣-	اوفوا الكيل	سەر ڕاست بن لەپێوان لەگەڵ کڕیار.
٤-	القسطاس المستقيم	شایان (تەرازووی دادگەرانە).
٥-	اولو الالباب	ئەو هۆشمەندانەی شوێن ئارەزوو نەکەوتون.
٦-	هو اقرب للتقوى	واتە (دادگەری لە خوداناسیەوە زۆر نزیکە).
٧-	يتذكّر	پەند وەردەگرێت.
٨-	لا يجرمنّكم شنآن قوم	ستەم و تاوانی کەسانی دیکە نەبێتە هۆی هەڵەکردن و ستەمکردنتان.

گفتوگۆ

١- پابەندی بە پەیمانی خوداوە واتای چییە؟

٢- گرێبەست لەئیسلامدا چی دەگرێتەوە؟ جۆرەکانی بلێ؟

٣- **(سەر ڕاستی و کێشان و پێوانی دروست، چاکترە بۆ ژیانی دنیامان).**

ئەم دەستەواژەیە شیبکەرەوە؟

وانەی حەوتەم

ڕێزگرتن لە ئیسلامدا

پرسی ڕێزگرتن لەنێو مرۆڤەکاندا پرسێکی خوازراوو گرنگە، موسڵمانان پێویستە بیکەنە سیمای خۆیان‌و بە بەهایەکی باڵای مرۆیی بزانن.

پێغەمبەری خودا(دخ) فەرموویەتی: ((**ما من مسلم يكرم ذا الشيبةِ، إلاّ قيّضَ اللهُ له مَن يكرِمُه في سِنّهِ**))(رواه الترمذي).

پێغەمبەری سەروەرمان محمد(دخ) لەو فەرمووودەیەی سەرەوەدا بانگهێشتی کردوین بۆ ئەو بەهایە، کە ئاکارێکی پەسندو باڵایەو رونی کردۆتەوەو گەر لاوێك ڕێزو شکۆمەندی بۆ بەساڵاچویەك دابنێت، خودای پەروەردگار دڵی کەسانی گەنج بۆ ئەویش نەرم دەکات، کاتێك تەمەنی چووە سەرەوە بۆ ئەوەی ڕێزی بگرن. بۆیە پێغەمبەر(دخ) کلتوری ڕێزگرتنی بە بەشێکی سەرەکی بەرنامەی ژیانی رۆژانەی موسڵمانان لەقەڵەمداوە. هەر لەرێی ڕێزگرتن‌و خوێندنەوەی بەرانبەریشە، دەتوانین بچینە دڵی یەکدی‌و یەکدیمان خۆشبوێت.



ڕێزگرتن لەئاینی ئیسلامدا پێگەی دیاری هەیە و جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئەم سیفەتە لەئاکاری باوەڕدارانەو پێویستە ئەوان پێشەنگ بن و ڕێز لەم کەسایەتی و بوارانە بگرن:

١- کەسانی بەتەمەن و بەساڵاچو. پێغەمبەر(د.خ) فەرمویەتی:((**لیس منا من لم یرحم صغیرنا ویوقر کبیرنا**)) واتە: ئەو کەسەی بەزەیی بەبچوکەکانماندا نێتەوە ڕێزی شایستە لەگەورەکانمان نەگرێت، لەئێمە نیە.

٢- ڕێز لەمامۆستایان بگرن لەبەر زانست و پلەی زانیارییان، یەکێك لەفێرخوازانی بەردەستی پێشەوا شافیعی دەلێت: (**سوێند بەخودا لەرووی شافیعیدا تەنانەت ئاوم بۆ نەدەخورایەوە**).

٣- ڕێز لەکارگوزارانی قوتابخانە بگیرێت لەبەر ماندوبوونیان.

٤- ڕێزگرتن لەمیوان لەئاکاری باوەڕدارانە، پێویستە ڕوومان لەگەڵیان خۆشبێت وپێشوازییان لێبکەین بێ جیاوازی کردن لەنێوان هەژارو دەوڵەمەندا.

٥- ڕێزی هاوبەش لەنێوان کارمەندان و هاوڵاتیان تا کارەکانیان بە شێوەیەکی گونجاو رایی بکرێت.

٦- ڕێزگرتن لەنێوان کریارو فرۆشیاران، مامەڵە خۆشی و سانایی لەفرۆشدا. پێغەمبەر(د.خ) فەرمویەتی: ((**رَحِمَ اللهُ إمرءاً سَمحاً إذا باع وإذا آشترى، وإذا إقتضى**)).

واتە: (**خودا رەحم بەمرۆڤی ئاسانکارو لێبوردەبکات، لەفرۆشتن و کڕین هەروەها دادوەریدا**).

٧- **ڕێزگرتنی شوێنکەوتوانی ئاینەکانی دیکە.**

٨- **ڕێزگرتنی یاسا بە جێبەجێکردنی.**

ئەو مرۆڤەی ڕێزدارەو ڕێز لەکەسانی دیکە دەگرێت خاوەن دەروونێکی پوختەو ئاکاری بەرزە. لەرەفتارو گوفتاریدا ئەم هەڵوێستانەی خوارەوە بەرجەستە دەبێت:

١- بە وشەی جوان و زمانی شیرین لەگەڵ خەڵك دەدوێت.

٢- بەروویەکی کراوەو زەردەخەنەوە ڕووبەرووی خەڵك دەبێتەوە.

٣- بەخۆشترین ناو لای خاوەنەکەی بانگی دەکات.

٤- دەستپێشخەری دەکات لەسڵاوکردندا.

٥- بەگەرمی دەست لەناو دەستی هاوڕێیانی دەنێت.

٦- گوێ بۆ وتەو ڕای کەسانی دیکە شلدەکات و قسەیان پێنابڕێت و بایەخی دەداتێ.

٧- بە ئەندازەی پێویست دەنگ بەرزدەکاتەوە، چونکە دەنگ هەڵبرین لەئادابی ئاخاوتن نیە.

٨- هەڵس و کەوتی لەگەڵ هاوڕێیانی شیرینە.

٩- زۆربەی کات بەرژەوەندی خۆی دەکاتە قوربانی بەرژەوەندی گشتی.

١٠- بەدیاری ناردن، خزمان و دۆستانی، بەسەردەکاتەوە.

١١- بەدڵفراوانییەوە بەرەو ڕووی ئازارو گازندەکانی خەڵك دەبێتەوە.

سوود لەم وانەیە:

١- بە ڕێزگرتنی باوك و دایکم دەیسەلمێنم خۆشم دەوێن.

٢- کاتێك باوك و دایکم قسەم بۆ دەکەن، گوێگرتنم بۆیان بەڵگەیە لەسەر هەستکردنم بە بەرپرسی.

٣- بەجێهێنانم بۆ ئامۆژگارییەکانی بابەو دایە دەیسەلمێنم ژیرو بە ئەدەبم لەماڵ و قوتابخانە.

وانەی هەشتەم

بەزەیی و سۆز لەئاینی ئیسلامدا

ئەم خەسڵەتە لەسروشتی مرۆڤە، لەدڵ و هەستیدا بەدرێژایی تەمەن بەردەوامە، لەیاساو ڕێسا ئیسلامیەکانیشدا پێگەیەکی فراوانی هەیە. بەشێکە لەرەحمەت و میهرەبانی خودا بۆبەندەکانی. پێغەمبەر (دخ) دەفەرموێت: ((**إنَّ اللهَ رفيقٌ يُحِبُّ الرفقَ ويُعطي على الرفقِ مالا يعطي على العُنفِ ومالا يُعطي على ما سِواهُ**)).

واتە: بێگومان خودای پەروەردگار خاوەن سۆزو ئەو خەسڵەتەشی خۆشدەوێ، لەهەر کەسێشدا سۆزو میهرەبانی هەبێت خودای گەورە پاداشتی ئەوتۆی دەکات کە بەمرۆڤی رەق وتوند رەفتاری نادات. سەرجەم ئامارەکان ئەوە دەگەیەنن کە موسڵمانان لەنێو خۆیاندا سۆزێکی بەهێز پێکەوە دەیانبەستێتەوەو لەگەڵ دەرەوەی خۆشیان هەر میهرەبانن. بەڵام مرۆڤەکان لەم هەستەدا جیاوازن و وەك یەك نین، ژیانیش بێ ئەم خەسڵەتە واتای دروست نابەخشێت. مرۆڤ هەستی خۆشەویستی رق لێبونەوەشی هەیە، شادبون و دڵتەنگیشی دەبێت، پێکەنین و گریانیش دەیگرێت، نەرمی و توندیشی تێدا بەدیدەکرێت، کە ئەمانە هەموو لەسۆزگارییەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام گرنگ ئەوەیە بوارەکانی سۆزگەریەوە لەجێی خۆیدا ئەنجام بدرێت.

بوارەکانی سۆزیاری

١- لەنێو مرۆڤەکاندا:

ئ - سۆز بەرانبەر باوك و دایك: منداڵ باوك و دایکی خۆشدەوێت و گوێرایەڵیان دەکات و خزمەتیان دەکات. لەنەخۆشیدا هاوکاریانەو پێداویستیان بۆ جێبەجێدەکات لەهەمان کاتدا جێی پرس و ڕاو راوێژن بۆی.

ب - سۆزی باوك و دایك بەرانبەر منداڵەکانیان: بریتییە لەخۆشویستن و پەیداکردنی بژێوی و کێشانی نەخشەی ژیانی دوارۆژیان، شەونخونی و پەروەردەکردنیان. وێنەی میهرو سۆزی باوك بۆ جگەر گۆشەکەی، لەنموونەی یەعقوبدا بەرجەستەیە کە لەدووری و لەتاو دابڕانی یوسفی کوری بینایی چاوەکانی لەدەستدا. وەك لەبەشە ئایەتێکی سورەتی یوسف

لەقورئاندا هاتووە ((وَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا أَسَفَى عَلَى يُوسُفَ وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ)). (يوسف-٨٤)

دەبێت باوكیش لەنێو منداڵەكانی دادپەروەر بێت، وەك پێغەمبەرمان (د.خ) فەرموویەتی: ((اتقوا الله واعدلوا في اولادكم))

پ – سۆزی هاوسەر: هاوسەران هاوبەشن لەژیاندا،و پێكەوە بەسەری دەبەن، سەرپەرشتیی و بەخێوكردنی منداڵیان لەئەستۆدایە، ڕێزو پێزانین لەنێوانیاندایە. خودای گەورە دەفەرموێت: ((وَمِنْ آياتِهِ أَنْ خلقَ لكُم مِن أَنفسِكم أَزواجاً لِتَسكُنوا إليها وَجَعَلَ بَينَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً...))(٢١-الروم). هەروەها پێغەمبەر(دخ) سەبارەت سۆز بەرانبەر خێزان دەفەرموێت: ((خِيارُكُمْ خيارُكُم لِنِسائِكُم)).

ت – سۆزیاری لەگەڵ كەس و كاردا: موسڵمان هەمیشە پەیوەندی لەگەڵ كەس و كاریدا دەپارێزێت و سەردانیان دەكات بەتایبەتی ئەگەر كەسێك لێی دابڕابێت.

پێغەمبەر دەفەرموێت(د.خ): ((اتقوا الله وصِلوا أرحامكُم)).

ج – سۆزو بەزەیی بەرانبەر نەخۆش: موسڵمان سەردانی برای موسڵمانی نەخۆشی دەكات، چونكە خودای گەورە ئەو كارەی زۆرپێ خۆشە و پاداشتی لەسەردەداتەوە، پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: ((مَنْ عادَ مريضاً لم يزل يخوض في الرحمة حتى يجلس فاذا جلس اغتمس فيها)).

ح – بەزەیی بەسواڵكەردا: سەبارەت بەسواڵكەر، موسڵمان نەرمی دەنوێنێت و بێبەشی ناكات گەر نەدار بوو. ((وأمّا السائلَ فلا تَنْهَرْ))(١٠-الضحى).

خ – سۆز لەبەرانبەر بێوەژناندا: مرۆڤی باوەڕدار بەخشینی هەیە و خێری دەوێ بۆ بێوەژنان، پێغەمبەر (د.خ) لەم ڕووەوە دەفەرموێت: ((الساعي على الأرملة والمسكين كالمجاهد في سبيل الله تعالى أو القائم الليل أوالصائم النهار)).

٢– بەزەیی و سۆز بەرانبەر گیانلەبەران:

ئاینی ئیسلام بە بەزەییەوە دەڕوانێتە گیانلەبەران، ئەوانیش وەك مرۆڤ جیهانی تایبەت بەخۆیان هەیە، خودای گەورە خاوەنداریێتی بە مرۆڤ بەخشیوە، تا بەسۆز بێت بەرانبەر زیندەوەرانی دیكە، هیلاكیان ناكات، خۆراك و جێی حەوانەوەیان بۆدابین بكات، لەتوانای خۆیان زیاتر ئەركیان بەسەردانەدات. لەسەردەمی جێنشین عومەری كوڕی عەبدولعەزیزدا كەسێك ئەسپەكەی ماندوو كردبوو لەسەرو توانایەوە، بۆیە جێنشین فەرمانی دا تاسێ ڕۆژ ئەو ئاژەڵە لەمۆڵەتدا بێت و بحەوێتەوەو خزمەت بكرێت.

٣- تەنانەت سۆز بەرانبەر رووەکیش پێویستە:

لـەم رووەشـەوە ئـاینی ئیـسلام مرۆڤـەکان هانـدەدات لەسـەر چـاندن و سـەوزکردن و ئـاودان، پاداشتی بۆ ئەو بوارە دیاریکردووە رێگری کردووە لەبرینی درەختـی زینـدوو(سـەوز) سـزای لەسـەر دانـاوە، چـونکە سـەرەرای بەخـشینی جـوانی بەسروشـت فاکتـەرێکی سەرەکیـشە بۆخاوێنکردنەوەی ژینگەو بەرهەمهێنانی هەوای پاك، هەروەها سەرچاوەیەکی گرنگی داهات وئابوریە بۆ هاولاتییان. هەروەك نیشانەی شارستانیەت و پێشکەوتنیشە.

بەرەنجامی سۆزو بەزەیی

لە ئەنجامی بەزەیی و میهرەبانیدا مرۆڤ **دەگاتە:**

١- تونـدو تـۆڵی پەیوەنـدی لەگـەڵ خزمـان و گەشـەدان بـە هاتوچـۆی نێـوان هاورێیـان و دراوسێیان.

٢- پتەوکردنی هەستی هاریکاری و یارمەتیدان.

٣- بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان و نوێکردنەوەیان.

٤- ئـەو کەسـەی هەسـتی سـۆزگەرایی تێـدا زینـدو بێـت دڵـی نەرمـەو دوورە لەهەڵچون و مێشکی ئارامە.

٥- دەروازەی خێروخۆشی و رۆزی لێدەکرێتەوە. پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: **((مَنْ سَرَّهُ ان یبسط علیە رزقە او ینسأ فی اثرە فلیصل رحمە))(الحدیث)**

٦- سـۆزو بـەزەیی نێـوان مرۆڤـەکان هۆکـاری بەدەسـتهاتنی بـەزەیی و رەحمـی خـودای گەورەیە بۆیان، بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: **((إرحَموا مَن فی الارضِ یَرحَمکُم مَن فی السماءِ)).**

چەند کورتە بەسەرهاتێك لەبواری (سۆزو بەزەییدا)

١- لەنێوان مرۆڤەکاندا:

رۆژێك هاوەڵێك لەیاریدەدەران کەسێکی هەژاری بردەوە ماڵەوە، کاتێك لەخێزانەکەی پرسی چ خواردنێك لەبەر دەستایە بۆ ئەم میوانە؟ هاوسەرەکەی گوتی: چەند پارویەك، کە بۆ منداڵەکانم داناوە. ئەویش گوتی: منداڵەکان بەشتێکەوە سەرقاڵ بکەو روناکیەکە بکوژێنەوە تامیوانەکە هەست نەکات کە لەگەڵی ناخۆم و تێر ببێت. بۆ سبەینێ کاتێك هاوەڵەکە چوە خزمەت پێغەمبەر(د.خ) پێی فەرموو: خودای پەروەردگار ئەو کارەی ئێوەی زۆر پێ خۆش بوو.

٢- سۆز بەرانبەر گیانلەبەر:

پێغەمبەر(د.خ) دەیگێڕێتەوەو دەفەرموێت: ((**لەبیابانێکدا رێبوارێك بیرە ئاوێکی بەدیکردو چوە خوارەوەو ئاوی لێخواردەوە، کاتێك هاتە سەرەوە بینی سەگێکی تینو زمانی دەرهێناوەو وشکبۆتەوەو پەرێشانە بۆ ئاو بۆیە تینوێتێ خۆی بەبیرهاتەوەو دەست بەجێ دابەزیەوە ناوبیرەکەو لەپێلاوەکەیدا ئاوی هێنایە سەرەوەو لەبەردەم ئەو بەستەزمانەدا داینا تاتێر ئاوبوو، بەم کارەی زۆر دڵشادبوو خوداش لەگوناهەکانی خۆش بوو.**

گفتوگۆ

١- واتای وشەی(ذا الشیبة) لەفەرمودەکەی پێغەمبەردا شیبکەرەوە.

٢- پێغەمبەری سەروەر(د.خ) لەو فەرمودەیەدا بانگهێشتمان بۆچی دەکات؟

٣- ڕێزگرتن لەخەڵکی چۆن دەبێت؟

٤- ئاماژە بەچەند بوارێکی ڕێزگرتن لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا بکە.

٥- ئەو کارە چیە لەم وێستگانەی خوارەوەدا پێویستە ئەنجامی بدەیت:

ئ- پیرەمێردێك ببینی کۆڵێکی قورسی هەڵگرتووە.

ب- پیرێژنێك کەتوانای وەستانی نەبێت لەجێیەکدا.

پ - بەتەمەنێك بیەوێت بپەڕێتەوە لەشەقامێکدا.

ت- قوتابیەك تەمەنی لەتۆ زیاتر بێت، بیەوێت قسە بکات.

ج- قوتابیەك رەفتارێکی ناشایستەی بەرانبەر مامۆستاکەی ئەنجامدا.

پرسیار

١- فەرمودەیەکی پیرۆز بنوسە ئاماژە بکات بۆگرنگی سۆزیاری و نەرمی لەئیسلامدا.

٢- هەروەها فەرمودەیەك لەسەر بەزەیی و سۆز بەرانبەر بێوەژنان.

نیشانەی راست یان هەڵە لەبەردەم هەر دەستەواژەیەك دابنێ:

١- ئەرکی باوکە نەخشەی ئاییندە بۆ منداڵەکانی بکێشێت.

٢- موسڵمان پەیوەندی خزمایەتی دەپارێزێت لەگەڵ کەسە دورە پەرێزەکانی.

٣- موسڵمان بەنەرمی مامەڵە لەگەڵ گەداو سواڵکەرو دەکات و بەسوکی سەیریان ناکات.

شیکارێکی گونجاو بۆ ئەم دەستەواژانە بکە:

١- مرۆڤی رێزدار بەپێی پێویست دەنگ بەرزدەکاتەوە.

٢- مرۆڤی رێزدار ناوبەناو دەست لەبەرژەوەندی خۆی هەڵدەگرێت.

٣- جێنشین عومەری کوڕی عەبدولعەزیز فەرمانی کرد بۆماوەی سێ رۆژ ئەسپێك لەحەوانەوەدا بێت و ماندوو نەکرێت.

وەڵامی گونجاو لەنێو کەوانەکاندا بۆ بۆشاییەکان هەڵبژێرە:

١-پێغەمبەری خودا......... چاوەکانی لەدەستدا لەتاو لەدەست چونی کوڕەکەی.

(یوسف - یەعقوب - شوعەیب)

٢- موسڵمان خاوەن .... لەبەخشین بەسەر بێ باوکاندا. **(دڵێکی نەرمە - دڵێکی رەقە)**

٣-.......... لەبەندکردنی باڵندەو خۆراك لێگرتنەوەی. **(رێدەگرم - گوێی پێنادەم)**

ستوونی یەکەم بەبڕگەی گونجاو لەستوونی دووەمدا بگەیەنە:

١- سۆزو بەزەیی لەمرۆڤدا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی	**لەگەڵ قوتابیان**
٢- موسڵمانی رێزدار لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەدوێت	**هزرو هەستی هاوکاری**
٣- مامۆستا بەهەستێکی باوکانە یان دایکانە دەجوڵێتەوە	**بەزمانی شیرینی پاراو**

وانەی نۆیەم

پەندو ئامۆژگاری لەچیرۆکی پێغەمبەراندا
ئارامگرتن و خۆگری ئەیووب پێغەمبەر (دخ)

خودای میهرەبان دەفەرموێت:((وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنْتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ (٨٣) فَاسْتَجَبْنَا لَهُ فَكَشَفْنَا مَا بِهِ مِنْ ضُرٍّ وَآتَيْنَاهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُمْ مَعَهُمْ رَحْمَةً مِنْ عِنْدِنَا وَذِكْرَى لِلْعَابِدِينَ (٨٤))) .(٨٣-٨٤ الانبیاء). ئەییوب (د.خ) یەکێکە لەپێغەمبەرە بەڕێزەکانی خودا کەناویان لەقورئاندا هاتووەو بۆتە نمونەی بالا لەئارامگرتن لەبەردەم تاقیکردنەوەی قورسی خوداییدا، ئەییوب لەنەوەی یوسفە(سلاوی خودای لێبێت) هاوسەرێکی دڵسۆزو بەڕێزی هەبوو لەناوچەی (حەوران) دەژیان. خودا بەخششی زۆری پێیان دابوو لە کوران و کچان، زەوی بەپیت و سامان و بەروبوم. جگە لە ئاژەڵی زۆری هەمەچەشن. سەرباری ئەوەی پلەوپایەی بەرز کردەوە تا کردیە پێغەمبەر. بەخششەکانی خودای لەخزمەتی میوان وهەژاراندا خەرج دەکردەوە، بەشێوەیەك دەگێڕنەوە، جەمێکی نەدەخوارد مەگەر هەژارێك، میوانێك لەگەڵی بخواردایە. هەردەم بانگەوازی چاکەی بەگوێی خەڵکدەداو رێگری خراپەی لێدەکردن.

خۆشەویستی ئەییوب وخێزانی چوە دڵی خەلکیەوەو خۆ بەزل نەزانین و کارکردن ببوە سیمای دیاریان هەرچەندە تواناو دەسەلاتیان هەبوو. لەم کاتە زێڕینەدابوو خودای گەورە بەلاو تاقیکردنەوەی گەورەو گرانی بەدوای یەکدا بۆنارد. ئەوەبوو کارگەرێك بەهەڵەداوان و هاوارکردنەوە لەسەر کارەوە گەڕایەوە! گەورەم، ئەی پێغەمبەری خودا!

- **ئەییوب(دخ):** چی رویداوە، مەوەستە، بڵێ!

- **گەورەم:** هاورێکانم، جوتیاران و شوانەکان هەموو کوژران، خوێنیان وەك رووبار جۆگەی بەستوە!.

- **چۆن روویدا؟**

- **رێگرو پیاوکوژان**، هەرکەسیان بەردەستکەوت کوشتیان و هەرچیان بۆبرا لەئاژەڵ بەتالان بردیان.

- **ئـەييوب(دخ)**: إِنّـا للّـه وانّـا اليـه راجعـون. (هـەمووومان مـوڵكی خـوداین و بـۆلای ئـەو دەگەڕێینـەوە)(ئەمـە زیكـری تایبـەت بەبـەڵاو توشـهاتە). هـەروەها فـەرموی: خـودای گـەورە ویستی وایە تاقیم بكاتەوە.

ڕۆژێك دوای ئەو كوشتارە بەهۆی هەورە بروسكەوە كێڵگەیەكی دانەوێڵەو كشتوكاڵیان گڕی گرت و یەكێك لەجوتیاران ئەم هەواڵە كتوپڕەی گەیاندە ئەییوب(د.خ).

ئەییوب: بۆ جل و بەرگت واشڕو سوتاوە، بلێ چی ڕوویداوە؟

جوتیار: ئەی پێغەمبەری خودا، ئاگر كەوتەوە، ئاگر!!

- چی ڕوویدا؟

- هەموو شتێك سووتا، ئاگر داباری، كێڵگەو ڕەزەكان سوتان...هتد.

لێرەدا هاوسەرەكەی **ئەییوب(دخ)** گوتی:

خودایە، ئەم هەموو بەسەرهاتە چی بوو؟

ئەییوب(دخ): ئارام بگرە، ئافرەت. بزانە ئەمە ویستی خودایە، تاقیكردنەوەیە، سەرجەم پێغەمبەران تاقیكراونەتەوە، دەستەكانی بەرزكردەوە بۆئاسمان و فەرموی: خودایە: ئارامیم پێ ببەخشە، لێرەدا بەكارگەرو خزمەت چیانی ڕاسپارد جێی بهێڵن بگەڕێنەوە ماڵەكانی خۆیان و بەدوای كاردا بگەڕێن.

هێندەی نەبرد، هێشتا شوێنەواری گڕو سوتان بە بەرچاوەوە بوو، كارەساتێكی دڵتەزێن سەری هەڵدا، ئەویش مردنی بەكۆمەڵی منداڵەكانی بوو كاتێك خانوویان بەسەردا ڕوخا، ئەمەیان سەخت و دژواربوو بۆ ژیانی ئەییوب، بەڵام تاقیكردنەوەی دیكە لەجەستەی خودی ئەییوبدا بەڕێوەیە، پێستی جەستەی دەبوە لیرو بەڵەك بەجۆرێك لەسەر ڕوومەتی دەردەكەوت خەڵكی دوریان لێدەگرت. تا وای لێهات، تەنها هاوسەری بە ئەمەكی لەلا مایەوە. بەم شێوەیە تەنها مایەوە دوای لەدەستدانی ماڵ و ڕەزو باخ، تەندروستی خۆیی و كۆچی كتوپڕی منداڵانی.

سەرجەم تاقیكردنەوەكان باوەڕو ورەی ئەییوبیان پتەوتر دەكرد تەنانەت دڵخۆشی هاوسەرەكەی دەكرد كەخۆڕاگربێت لەئاست ڕووداوەكاندا، لەولایەشەوە شەیتان لەڕێی گومان بۆ دروستكردنەوە دەیویست فریوی بدات، دایبڕێت لەمتمانەو پشت بەخودابەستن. دوو دڵی بكات لەخۆشەویستی خودای میهرەبان بۆی، بەڵام ئەییوب تا دەهات باوەڕی بەهێزترو ئارامگری پتر دەبوو، كار گەیشتە ئەوەی توانای جەستەیی بۆ پەیداكردنی بژێوی

رۆژانــەی نــەما، بۆیــە هاوســەرەکەی ناچــار بــەکارکردن لەماڵانــدابوو، وزەو ورەی بــەرزی لەئەییوبەوە وەردەگرت. ژیانیـان رۆژ بە رۆژ دژوارو سـەختتر دەبوو، تەنانـەت هاوسـەرەکەی ناچاری فرۆشتنی پرچـی بـوو، تانـانی پـێ بکڕێـت بۆ ژەمـی خـواردن. ئـەم کـارە ئـەییوبی نیگەران کردو پێی دڵگران بوو بەشێوەیەك لەهاوسەرەکەی زویر بوو.

هاوسـەرەکەی ئـەییوب(دخ) داوای لێـدەکرد لـەخودا بپارێتـەوە، تـا ئـەو دەردو ئـازارەی لەکۆل بکاتەوە، بەڵام ئەو هەرگیز سکاڵای لەباری تێکچوی تەندروستی نـەدەکردو دەیگوت: خودا ئەوەی بەباش زانیوە بۆمن، ئارام دەگرم تا پاداشتم نەفەوتێت. بـەڵام ئـەو بەفرۆشتنی خێزانی بۆ پرچی خۆی زۆر دڵگران بوو، بۆیـە رووی لـەئاسمان کـردو گـوتی: خودایـە، ئـەی بەئاگا لەحاڵی بەندەکانت، من توشی زیان بووم و تۆش میهرەبانتری، هـەموو روداوێك لـەژێر چاودێری و زانیـاری خۆتدایـە، ئێمـە لاوازیـن و تـۆش بەسـۆزو توانـای، خـۆت دەزانـی چـی باشەو لەبەرژەوەندی ئێمەدایە. قورئان لەم رووە دەفـەرموێ: ((وَاذْكُرْ عَبْدَنَا أَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الشَّيْطَانُ بِنُصْبٍ وَعَذَابٍ)) (٤١-ص).

ئا لێرەدا خودا فریشتەی بۆنـاردو سـڵاوی خودای پێگەیانـدو پێی گـوت: داواکـەت لای خـودا وەرگیـراو پاداشـتی خۆراگرتنـت بـۆ نوسـراوە، هـەروەها پێـی راگەیانـد: پـێ بەزەویـدا بدەو، لەم ئاوە سازگارە جەستەت بشۆو لێی بخۆرەوە، پێستت لەبەڵـەکی رزگـاری دەبێـتو چاکدەبێتەوە بەفەرمانی خودا. قورئان دەفەرموێ: ((ارْكُضْ بِرِجْلِكَ هَذَا مُغْتَسَلٌ بَارِدٌ وَشَرَابٌ (٤٢) وَوَهَبْنَا لَهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُمْ مَعَهُمْ رَحْمَةً مِنَّا وَذِكْرَى لِأُولِي الْأَلْبَابِ (٤٣))) (٤٢-٤٣ص).

ئەییوبی پێشەنگی ئارامگران ئەمەی ئەنجامداو خودا کردیە شیفای، لێرە بەدواوە رەوشـەکە گـۆڕا، تەندروسـتی ئـەییوب(دخ) بـەرەو باشـی دەرۆیـشت سـەرزەویەکان بوژانـەوە، بـەروبوم جـارێکی دیکـە دەرکـەوت، سـامانو دارایـی گەشــەی کـردەوە. هاوســەرەکەی کـە بـەهۆی نیگەرانی ئەییوبەوە لێی دوورکەوتبۆوە گەڕایەوە بەشێوەیەك کە ئەییوبی بینی نەیناسیەوە، تەندروستیەکی باش! پێستێکی خاوێن، روخسارێکی نوێ و گەش، بۆیە هەواڵی ئەییوبی لێ پرسی، ئەویش لەوەلامدا گوتی: من ئەییوبم.

- **بەسەرسوڕمانەوە**:تۆ ئەویت؟ چونکە کاتێك لێی دوورکەوتبۆوە، کەسێکی لاوازو نەخۆش و روخسار گۆڕاو بوو. بۆیە ئەییوب (د.خ) داوای لەویش کرد لەهەمان سەرچاوەی ئاو بخواتەوەو ئەندامەکانی لەشی بشوات، بەم شێوەیە هەردووکیان گەڕانەوە تافی لاوێتی و خودای میهرەبان سەر لەنوێ منداڵی پێ بەخشینەوە. ئەمە بوو ئەنجامی ئارامگری و سوپاسگوزاری خودا، پاداشتی پشوو درێژی و خۆراگری لەبەردەم تاقیکردنەوەو بەڵادا.

پەند لەم چیرۆك و بەسەرهاتە

لەوردبوونەوەو رامان لەم چیرۆکە قورئانیە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئارامگری لەسەر بەڵاو ئاستەنگ، هۆکارو رێرەوە بۆدەستخستنی رەزامەندی و لێخۆشبونی خودا. کەواتە پێویستە مرۆڤی باوەڕدار خۆڕاگرو پشوو درێژ بێت لەبەردەم تاقیکردنەوەی خوداییدا.

گفتوگۆ

١- ژیانی ئەییوب(د.خ) پێش لەتوشبون بەنەخۆشی و تەنگژە چۆن بوو؟

٢- ئەو بەسەرهات و گرفتانە چی بوون هاتنە رێی پێغەمبەری خودا ئەییوب(د.خ) ؟

٣- شەیتان لە چ رێگایەکەوە هەوڵی سەرپێچیکردنی بە ئەییوب دا؟ ئەی کاردانەوەی ئەییوب چی بوو؟

٤- دوای ئەوەی ئەییوب(د.خ) ئەنجامی ئارامگرتنی بینی. ژیانی چۆن گۆڕدرا؟

وانەی دەیەم

ڕۆژو گرتن و حوكمەكانی

خودای گەورە دەفەرموێت:

((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ
(١٨٣) أَيَّامًا مَعْدُودَاتٍ فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ وَعَلَى الَّذِينَ
يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ فَمَنْ تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَهُ وَأَنْ تَصُومُوا خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ
تَعْلَمُونَ (١٨٤) شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ
فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ يُرِيدُ اللَّهُ
بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَى مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ
تَشْكُرُونَ (١٨٥))) (١٨٣-١٨٥ البقرة)

پێناسەی ڕۆژو

بریتییە لە: خۆگرتنەوە لەخواردن و خواردنەوەو جووتبوون، لە بانگی بەیانیەوە تا خۆرئاوا.

گرنگی ڕۆژو

سەبارەت بە گرنگی مانگی ڕەمەزان، ئەبو هورەیرە لەپێغەمبەرەوە (د.خ)دیگێڕێتەوە: (مَن صامَ رمضان ايماناً واحتساباً غفر له ماتقدم من ذنبه ومن قام ليلة القدر ايماناً واحتساباً غَفر له ماتقدم مِن ذنبهِ)(بوخاری ڕیوایەتی كردووە).

جۆرەکانی ڕۆژو

١– ڕۆژوی فەرز، واتە ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان.

٢– ڕۆژوی خۆبەخشانە کە بەناوبانگترینیان:

ئ – **ڕۆژوی ١٠ی مانگی موحەڕەم (عاشورا)(*)**

ب – **ڕۆژوی ٩ی مانگی زیلحە حجة(عرفة) ڕۆژی حەج.**

ت – **ڕۆژوی دووشەممان و پێنجشەممان لەهەفتەدا.**

پ – **ڕۆژوی ١٣، ١٤، ١٥ی هەرمانگێکی (قەمەری).**

ج – **ڕۆژوی (شەشەڵان) شەش ڕۆژ لەمانگی شەووال.**

ح – **ڕۆژوی مانگی شەعبان.**

خ – **ڕۆژوی مانگی (موحەرەم).**

گفتوگۆ

١– پێناسەی ڕۆژو بکە؟ ٢ – ڕۆژوی خۆبەخشانە کامانەن؟

* ڕۆژوی عاشورا هۆکارەکەی ڕزگاربوونی موسا پێغەمبەرە(د.خ) لەپەلاماری فیرعەون کە لەورۆژەدا لەدەریای سووردا خنکا.

وانەی یانزەم

مەرجەکانی پێویستبونی رۆژو

ئ - ئیسلامبوون.

ب - ژیریو ئاوەز. بۆیە شێت رۆژوی لەسەر نیە.

پ . پێگەیشتویی(بلوغ). چونکە مەبەست گوێڕایەڵ بوونەو منداڵیش ئەرکی ئەم کارەی لەسەر نیە.

مەرجەکانی بەرۆژوبوون

١- تەندروستیو لەش ساغی، خودا دەفەرموێت: ((ومَنْ كانَ مَريضاً أو على سَـفَرٍ فَعِـدَّةٌ مِن أَيّامٍ أُخَر))(١٨٥-البقرة)

٢- نیشتەجێی. واتە رێبوار نەبێت.

٣- بۆ ئافرەتان(لەسوڕی مانگانەو بێنوێژی دوای منداڵبوون)یشدا نابێت.

سوننەتەکانی رۆژو

١- پارشێوکردن. پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێت: ((تَسَحَّروُا فَإنَّ في السُّحورِ بركةً)).

٢- دواخستنی پارشێو بۆ نزیکی بانگی بەیانی و پەلەکردن لەبەربانگ کردنەوەدا، هەر کەبانگی دا.

٣- بەربانگ کردنەوە بەچەند دەنکە خورمایەك، یان ئاو.

٤- دوعاکردنی کاتی بەربانگ، پێغەمبەر (د.خ) لەکاتی رۆژوشکاندندا، دەیفەرموو: ((ذهبَ الظَمَأُ وآبتَلَّتِ العروقُ، وثبتَ الأجرُ إنْ شاءَ الله تعالى)).

ئەو رەفتارو هەڵوێستانەی رۆژو دەشکێنن یان لەکەداری دەکەن

بەم ئاکارو هەڵوێستانەی خوارەوە رۆژو یان بەتال دەبێتەوە یان لەکەدار دەبێت: لەئاین پاشگەزبوونەوە، رودانی بێنوێژی بۆ ئافرەت، خواردن و خواردنەوەو خۆرشاندنەوە، چونە ناوەوەی هەرتەنێك لەرێی بۆشاییە ئاساییەکانەوە بۆناو لەشی مرۆڤ ، ئەنجامدانی کاری سیکسی، هەموو ئەمانە رۆژو بەتاڵ دەکەنەوە گەر بەئاگاییەوە ئەنجامدران، لەوانەش کەرۆژو لەکەداردەکەن زیادە رەوی لەبەرکارهێنانی بۆن و ئاو لەدەم وەردانی زیاد لەپێویست.

گفتوگۆ

١- مەرجەکانی پێویستبونی رۆژو چیە؟

٢- ئەو ئاکارانەی دەبنە هۆی تێکدان و بەتاڵکردنەوەی رۆژو کامانەن بیانژمێرە؟

وانەی دوانزەم

خۆپاراستن لەمەترسیەکانی مین

مامۆستای زمانی کوردی قوتابیانی راسپاردبوو کەسەبارەت بەمین وزیان ومەترسیەکانی بۆسەر هاولاتیان دارِشتنێك بنوسن وهەڵوێست ورای ئاینی ئیسلامیشی لەسەر رونبکەنەوە، بۆیە داوای لە سروە کرد ئەو بابەتەی کەئامادەی کردوە لەم روەوە، بیخوێنێتەوە بۆ هاورێیانی کە بەم شێوەیە بوو:

لەئەنجامی گۆرانکاریە جیهانیەکان ومەترسیە بەر بلاوەکان، دۆزی مینی زەمینیش روبەرێکی فراوانی لەو مەترسیانە داگیرکردووە کەکاریگەریەکی ئالۆزو، زیان و مەترسی لەسەر ژینگەی مرۆیی بەجێهێشتوە، بەتایبەت دوای ئەوەی ئامارەکان ژمارەیەکی ترسناکیان لەزیانە مرۆییەکان راگەیاندوە کە بە ملیۆنەها کەس مەزەندە کراوە، ئەمە سەرباری زیانە ئابوریەکان. هەربۆیە کۆرِایەکی جیهانی دژ بەم دیاردەیە سەری هەڵدا وچەندین چالاکی نێودەولەتی لەخۆگرت سەبارەت بەمەترسیەکانی مین وهەڵمەتی گشتی بۆ قەدەغەکردن وریگرتن لەبەکارهێنانی.

هەلوێستی ئاینی ئیسلامیش سەبارەت بەو دۆزە روونەو هەرگیز رێنادات جەنگ دژی مرۆڤە سڤیلەکان بەرپابکرێت، پێغەمبەرمان (د.خ) فەرمویەتی **(لا ضرر ولا ضرار)** واتە: رێگەنادرێت بەزیانکردن وزیانگەیاندن. هەروەها دەگێڕنەوە کە(عومەری کوڕی خەتتاب) کاتێك بۆشام دەچوو بینی هەندێك لەبەر خۆر راگیراون ورۆن دەکرێت بەسەریاندا، گوتی: ئەمانە چین؟ گوتیان: ئەمانە باجیان نەداوە. عومەر گوتی پێغەمبەر(د.خ) فەرمویەتی: **((لا تُعَذبوا الناس، فان الذين يعذبون الناسَ في الدنيا، يعذبهم الله يومَ القيامة))** واتە: پێغەمبەر(د.خ) ئازاردانی ئادەمیزادی قەدەغەکردوە، دەفەرموێت: ئەو کەسەی مرۆڤێك ئازاربدات خوداش لەرۆژی دواییدا ئەو ئازاردەدات. مامۆستا ئافەرینی لەسروە کردو، قوتابیەکی تریش بەناوی سۆزان داوای بەشداریکردو گوتی: من دوو تەوەرم لەسەر ئەم بابەتە ئامادەکردوە، کەئەمانەن:

١- وشیارکردنەوەی خەڵك سەبارەت بەمەترسیەکانی مین:

پێویستە مرۆڤی موسڵمان خۆیی وکەسانی تریش هانبدات بۆ دورکەوتنەوە لەناوچە مینرێژکراوەکان، ئەمەش سۆزو بەزەیی دەگەیەنێت بەرانبەرو خۆو خەڵکیش ودەبێتە مایەی بەزەیی خودای پەروەردگاریش بۆیان، پێغەمبەرمان(د.خ) دەفەرموێت: **((لا يرحم الله من عباده إلاّ الرحماء))**.

٢- وشیارکردنەوەی کۆچەران وڕێبواران:

ئەمەش بەزۆری ئەرکی پێشنوێژی مزگەوتەکانی گوندەکانە کەرێبواران وکۆچبەران رێیان تێدەکەوێت لەگەشتەکانیاندا، چونکە ئەوان شارەزای ئەو کێڵگە مینانە نین کە لەو ناوچانەدان. بەمەش گیانیان لەو مەترسیانە پاریزراودەبێت، ئەو رێنماییانەش دەبنە هۆی دەستکەوتنی پاداشت بۆ ئەو زانایانە. هەروەك پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: ((من دعا الی هدی كان له من الاجر مثل اجر من اتبعه، لا ینقص ذلك من اجورهم شيء)).

ئەوانەی رەفتاریان باش نیە، بەپێی شەریعەتی ئیسلام دەکرێت رەفتاریان چاکبکرێتەوە، بۆیە دەرگای تۆبەو گەڕانەوە هەردەم والأیە، تۆبەش نیشانەی گۆڕینی رەفتارو وازهێنانە لەسەرپێچی، وەك پێغەمبەر(د.خ) فەرموویەتی: ((خالق الناس بخلق حسن واتبع السیئة الحسنة تمحها)).

بۆیە ئەگەر بینیمان کەسێك مامەڵە لەگەڵ چەك وتەقەمەنی دەکات ودەچێتە ئەو جێیانەی مینرێژکراون، دەبێت رێنوێنی بکەین ورێگری لێ بکەین لەو کارانەی دەبنە هۆی زیان گەیاندن بەخۆی وکەسانی دیکە.

دوای ئەوەی سوپاسی هەردوکیانی کرد، مامۆستا گوتی:

لەم بوارەدا چەندین ئاکاری تری پیرۆز هەن پێویستە ئاگاداریان بین، وەك ئەرکی ئاینیمان، لەوانەش:

١- بەکارنەهێنانی چەك وتەقەمەنی لەشوێنە گشتیەکاندا.

٢- دوورکەوتنەوە لەکێڵگەکانی مین وپاشماوەی سەربازگەو شوێنەوارە جەنگیەکان.

٣- پاراستنی نیشانەکانی ئاگاداری ووشیارکردنەوە لەکێڵگەکانی مین وتەقەمەنی.

٤- هاوکاریکردنی تیمەکانی مین هەڵگرەوە.

٥- بەکارنەهێنانی تەقەمەنی لەراوی ماسیدا، بەڵکو تۆڕو قولاپ بەکاربێن.

چالاکی

بەهاوکاری مامۆستا، قوتابیان هەڵدەستن بەئامادەکردن ونمایشکردنی پۆستەرو بڵاوکراوەی سەردیوار سەبارەت بەمەترسیەکانی مین. هەروەها ڕێکخستنی چەند دیمەنێکی نواندن دەربارەی چۆنیەتی دەربازبوون لەکێڵگەی مین، کاتێك بێ ئاگایانە تێی دەکەوێت.

وانەی سیانزەم

حەرام بونی دیاردەی بەرتیلکاری

پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: **(لعنَ الله الراشيَ والمرتَشي والرائش)** ترمزی دەیگێرێتەوە.

واتە: بەرتیل دەرو وەرگری ورێکخەری نێوانیان لەبەر نەفرینی خودا کەوتوون.

ژ	وشە	واتا
١	لعن	لەسۆزو رەحمی خۆی دوریخستۆتەوە (نەفرینی کردوە)
٢	الراشي	بەرتیل دەر
٣	المرتشي	بەرتیل خۆر
٤	الرائش	رێکخەری نێوانیان

پێناسەی بەرتیل:

بەو برە ماڵ وسامانە دەوترێت کەسێك دەیداتە دەسەلاتدارێك لە رێگەیەکی نادروستەوە بەمەبەستی وەرگرتنی یان زەوتکردنی مافی یان پلەوپایەی یاخود کاری کەسێکی دیکە بۆ خۆی. ئەم دیاردەیە حەرامە چونکە دادگەری لەناو دەبات، مافی خاوەن ماف دەفەوتێت، دەبێتە هۆی بلاْوبونەوەی گەندەلی و شێرپەنجەی بێدادی، هەر بۆیە لەگشت ئاینەکاندا حەرام وقەدەغەکراوە. لە قورئانی پیرۆزیشدا بەچەندین ئایەت حەرامبوونی راگەیەندراوە وەك لەسورەتی **(البقرة)**دا هاتووە: ((وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ وَتُدْلُوا بِهَا إِلَى الْحُكَّامِ لِتَأْكُلُوا فَرِيقًا مِنْ أَمْوَالِ النَّاسِ بِالْإِثْمِ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ)).(البقرة-١٨٨)

هەروەها لە فەرمودەی پێغەمبەری سەروەریشدا (د.خ) ئاماژە بەحەرامێتی کراوە، وەك لەسەرەوە هاتووە.

هۆکارەکانی حەرام بوونی بەرتیل

١- چونکە بەهۆیەوە بەشێوەیەکی ناڕەواو ناشایستە دەستکەوتێك بەدەست دێت وەك: بەخشین لەباج، یان (بۆ دەرچوونی کەمکردنەوە)، یاخود دەستخستنی گرێبەستی نایاسایی یان (بەنایاسایی).

٢- دەبێتە هۆی زەوتکردنی مافی کەسێکی دیکە: لەبواری هەلی کاردا، یان جێگرتنەوەی خاوەن مافێك.

٣- دەستخستنی پلەو پایەی گرنگ، بەتایبەتی کە شایستەی نەبێت.

چارەسەری ئەم دیاردەیە :

١- دابینکردنی بنەماکانی دادگەری لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

٢- دانانی کەسی شیاو بۆ پلەو پۆستەکان.

٣- سەروەربونی یاساو لێپێچینەوە لەو کارمەندو بەرپرسانەی بەرتیلخۆرن.

٤- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئاینی وبەرپرسێتی لەبەردەم خودای باڵادەستدا. هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری تاکەکان، کەئەو دیاردەیە دژی دادگەری کۆمەڵایەتی وچینایەتییە.

((گفتوگۆ))

١- پێناسەی بەرتیل کاری بکە.

٢- بۆچی پێغەمبەرمان (د.خ) هۆشیاری داوە سەبارەت بە بەرتیل کاری؟

٣- هۆکارەکانی حەرامێتی بەرتیلکاری کامانەن؟

٤- بە ئایەتێکی قورئان ئاماژە بکە بۆ حەرامێتی بەرتیل.

٥- بەرتیل چەند روو بوارێکی هەیە، وەك ....!

٦- چۆن دەتوانین ئەم دیاردەیە قەڵاچۆ بکەین؟

هو الله الذي لا إله إلا هو
الله

وەرزی دووەم

وانەی چواردەم

رامان لەدروستکراوانی خودا

ئەقڵ وئاوەز لەبەخششە گەورەکانی خودای میهرەبانن بۆ مرۆڤەکان، سەرچاوەن بۆهزرو وەرگرتنی زانست وزانیاری وناسینی کرۆکی راستیەکان، هۆکاریشن بۆ گەیشتن بەنهێنیەکانی جوانی بونەوەر. خودای گەورە دەفەرموێت:((إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِأُولِي الْأَلْبَابِ))(١٩٠-آل عمران).

مرۆڤی بڕوادار هەمیشە بیردەکاتەوەو ئەقڵ دەخاتە کار بۆ ناسین وپەیبردن بەدروستکراوەکانی خودای گەورەو دەگاتە ئەو راستیەی کە بوونەوەرو گشت دروستکراوان بەدیهێنەرێکیان هەیە، ئەویش (الله)یە.

هەروەها نیعمەتی چاو بە کاردێنێت بۆ بینینی سروشتی جوان ورەنگین، ئەو چاوەی وەك کامێرایەکی بێ ئەرك لەچرکەیەکدا هەزاران وێنەو دیمەن تۆمار دەکات.

نهێنیەکی دیکەی بەدیهێنراوی خودای گەورە لەمرۆڤەکاندا ئەوەیە، لە یەکنەچونی نەخشەی رەگ ودەمارەکانی پەنجەی مرۆڤ -پەنجە مۆر- هیچ کەسێك بە کەسێکی دی لەسەر زەویدا.

لەلایـەکی دیکـەوە جوانیو جیاوازی ڕەنـگ وتـام وبۆن لـەنێو بەروبوومەکانـدا کەلەیـەك خـاك وبەیەك ئاوو هەواش پەروەردە دەبن، جێی سەرنج وتێرامانە، خودای گەورە دەفەرموێت:

((وَهُوَ الَّذِي أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ نَبَاتَ كُلِّ شَيْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا نُخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُتَرَاكِبًا وَمِنَ النَّخْلِ مِنْ طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ وَجَنَّاتٍ مِنْ أَعْنَابٍ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ انْظُرُوا إِلَى ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَيَنْعِهِ إِنَّ فِي ذَلِكُمْ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ)) (الانعام-٩٩).

لەلایـەکی تـرەوە بـەتێرامان لـەجیهانی باڵنـدەو بەرواز یـان ڕەنگـی پـەڕو باڵیـان، چریکەو ئاوازی هەنـدێکیان، خۆراك وهێلانـەو زاو زێیـان، کۆچکردن وگـەرمیان وکوێستان کردنیـان، سەر دەسوڕمێ ودەسەڵاتی بێسنوری خودا دەردەکەوێت.

دیسان بەورد بوونـەوە لەپێکهاتـەو جووڵـەی مێروەکـان وکارکردن وبەرهـەمی هەنـدێکیان وەك مێش هـەنگ وشـانەو خـانەکانیان، یاسـای کـارو نەخشـەی ماڵیـان، ڕۆزی وحەوانـەوەیان گۆشـەیەکی دیکـە لـەنهێنی ووردەکاری لەبەدیهێنانیانـدا دەبینـی، کـە گـەواهی دەدات لەسـەر دەسەڵاتی خودای گـەورە کەدەفـەرموێت: ((هَذَا خَلْقُ اللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ الَّذِينَ مِنْ دُونِهِ بَلِ الظَّالِمُونَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ)).(١١-لقمان)

جیهانی دەریاو ئۆقیانۆسەکان فراوانترو پڕنهێنـی تـرە، هـەزاران جۆری زینـدەوەر وژیـان بەسەر بەردنیان وخواردن وهەناسەدانیان وپێکەوە ژیانیان. ئەوەش پڕە لەواتای هاوسـەنگی ودەسەڵاتی بەدیهێنەری بوونەوەر.

کەسـەر هەڵـدەبڕی وسـەیری ئاسمـانی شین ورازاوە بەسـەدان هـەزار ئەسـتێرەی گـەورە دەکەیت کەهـەمووی لەجووڵەیـەکی ڕێکخراودایـە بەیاسا، بەفەرمانی خودای گەورەو بەپێی چەمکی یاسای کێشکردنی هاوسەنگ، هاتنی شەوو ڕۆژ، تیشکی پڕ خێری خۆر.......هتد. ئەمەش وانەیەکی دیکەیە لەدەسەڵاتی بێ پایانی خودای بەدیهێنەر.

((وَآيَةٌ لَهُمُ اللَّيْلُ نَسْلَخُ مِنْهُ النَّهَارَ فَإِذَا هُمْ مُظْلِمُونَ (٣٧) وَالشَّمْسُ تَجْـرِي لِمُـسْتَقَرٍّ لَهَـا ذَلِـكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ (٣٨) وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّى عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ)) (٣٧-٣٩يس)

ئەمانـەو سـەدان بەڵگـەی تـریش جێـی سـەرنج ورامـانن لەسـەر دەسـەڵات ویاسـای سەرسورهێنی خودای بەتوانا: ((هَلْ مِنْ خالقٍ غيرُ الله)).

دروستکراوێکی سەرسورهێنەر

باوکی سەردار ویستی سەرنجی کورەکەی ڕابکێشێت بۆ ژیانی ئەو مێرولانەی لەسەر ڕێگای گوندەکەیان بینی، بۆیە لەوەڵامی پرسیارێکیدا گوتی: بڕێوی ئـەو مێروانـە زۆر جێی ڕامانـە، ئـەوان ماوەیـەکی زۆر دەڕۆن وڕێگـای دوور دەبـڕن تـا چـەند دەنکـە گـەنمێك کێـشدەکەنە کونەکەیان وپاشەکەوتی دەکەن بۆ ڕۆژانـی سـەرماو سۆڵ. خۆ ئەگەر گومانی سـەوز بونیـان لەهـەر دەنکـە گـەنمێك کـرد دووکـەرتی دەکـەن هـەتا نـەڕۆیت، هـەر دەنکێکـیش شـێ وتـەڕی پێوەبێت لەبەرهەتاو هەڵیدەخەن تا وشك ببێتەوە.

سەردار گوتی: بەڕاستی جێی رامان وسەر سوڕمانە، جیهانێکی سەیریان هەیە.
باوکی گوتی: بەڵێ کوڕم، دروستکراوانی خودا جۆراوجۆرن وتێگەیشتنیان رامان ولێکۆڵینەوەی دەوێت بەئەقڵ وهۆش وبەئامێری زانستی.

پرسیار

١- ئایەتێك بێنەرەوە هاندەربێت بۆ بیرکردنەوە لەدروستکراوانی خودا.

٢- بەئایەتێکی دیکە بیسەلمێنە کەبەروبومەکان جوان ورەنگینن.

٣- بەڵگە بەئایەتی قورئان بێنەرەوە لەسەر ئەوەی مانگ وخۆر دوونیشانەن لەسەر دەستەڵاتی خودا.

نیشانەی (راست یان هەڵە) بۆ ئەم رستانە دابنێ.

١- توانای وێنە تۆمارکردن لەچاوی مرۆڤدا لەهەستیارترین کامێرا بەهێزترە.

٢- نەخشەی رەگ ودەماری پەنجەی زۆربەی مرۆڤەکان لەیەك دەچێت.

٣- باڵندەکان لەکۆچکردندا ئامانجیان نیەو بێهودە دەفڕن.

بەوشەکانی نێو کەوانەکان ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕبکەرەوە.

١- مێش هەنگ لەدروستکردنی خانەکانیدا ....

(بێ بەرنامەیە، بەنەخشەی ئەندازەیی کاردەکات)

٢- بەهەمەجۆری بەرو بومەکان گشت جۆرە تام وچێژەکان بۆ مرۆڤ............

(هاوسەنگە، دەستەبەرە)

٣- پڕبەهاترین جۆری یاقوت ومەرجان لە........ دەست دەکەوێت.

(کارگەکان، قوڵایی دەریادا)

زانیاری گرنگ

١- ئەستێرەکان هەموو لەجووڵەدان وجووڵەکانیان جیاوازە.

٢- زمانی مرۆڤ هەربەشێکی بۆ چێژی تامێکی جیاوازە لە(شیرین وترش وتاڵ)

٣- جیهانی زیندەوەران لەئاژەڵ وباڵندەو گیانەوەری ئاوی کەمتر نیە لەجیهانی ئێمەی مرۆڤ. وەك لە قورئاندا هاتووە:((إلاّ أُمَمٌ أمثالُكمْ......))الانعام 38 .

ڕامان

لەزیرەکی مێش هەنگ ڕامام کەبەهۆی ژماردنی خولخواردنیەوە کەدوور کەوتۆتەوە، دەزانێت چەند ماوەی بڕیوە یان چەند دوورە لەهێلانەکەی.

چالاکی

١- زانای فەرەنسی (جاك كوستو) دۆزیەوە كە دوو دەریا هەن ئاویان تێکەل نەبوەونابێت لەبەیەك گەیشتندا. قورئان دەفەرموێت: ((مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ (١٩) بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ لَا يَبْغِيَانِ)) (١٩-٢٠ الرحمن). لێرەوە دەسەلأت وتەحەددای خودایی دەردەکەوێت.

٢- کاتێك باڵندەیەکی دایك خۆراك بەدەنوك وقاچەکانی دەباتەوەو دەیخاتە ناودەمی جوجەڵەکانیەوە تاگەورەیان دەکات. نیشانەیە لەسەر نیگاو ڕێنمایی خودا بۆدروستکراوەکانی. ئەمەش ڕامانی دەوێت.

وانەی پانزەم

ئاشتەوایی نێوان خەڵك

مرۆڤ وئاشتی:

سروشتی مرۆڤ لەسەر راگرتنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دارێژراوە، لەسەر بنەمای توندو تۆڵی ودوور لەناکۆکی ویەکتر سڕینەوە کەدەبنە هۆی جیاوازی وسەرهەڵدانی کێشەو دوشمنایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا دابڕان وناکۆکی وکێشە بەئاشتەوایی وراگرتنی شەرو لەچاڵنانی هۆکارەکانی لەئاینی ئیسلامدا رێ وشوێنی بۆدانراوە، چارەسەری لەسەر بناغەی برایەتی باوەڕەوە دەستنیشانکراوە بەئایەتی:((إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ))(١٠- الحجرات)، بەگەڕانەوە بۆفەرمانی خوداو فەرمودەی پێغەمبەر (د.خ) کەتێیدا زیادەڕەوی وستەم قەدەغەیە.

خودا دەفەرموێت: :((لَاخَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا)) (النساء- ١١٤).

هۆکاری کێشەو ناکۆکیەکان

هەندێك لەو هۆکارانەی ڕێخۆشدەکەن بۆسەر هەڵدانی کێشەو ناتەبایی وئاینی ئیسلام ڕێگرییان لێدەکات، ئەمانەن:

١- **جیاوازی:** زۆرجار جیاوازی لەبۆچون وراڤەکردنی دەق وتێگەیشتن لێی بۆتە هۆی ئەوەی موسڵمانان نارێك بن وریزەکانیان درزەی لێوەبکرێت لەلایەن ناحەزانەوە بۆتێکدانیان، بۆیە پێغەمبەری میهرەبان(د.خ) لەکاتێکدا جیاوازی کەوتە نێوان بەشێك لەهاوەڵان لەسەر لێکدانەوەیان بۆ (قەزاوقەدەر) فریاکەوت وپێی فەرمون: ((**الهذا امرتُم او مانُهيتُمْ عَنْ هذا، إنَّما هُلِكَتِ الأُمَمُ قبلكُمْ فِي هذا**)). واتە: ((**ئایا فەرمانتان پێکراوە یەکتر قبوڵنەکەن، ئایا پێتان ڕانەگەیەنراوە دورکەونەوە لەتێکدانی ریزەکانتان، نازانن کەنەتەوەو گەلانی پێش ئێوە بەهۆی ناکۆکی وکێشەوە تیاچوون**)). ئەمە لەسەر ئاستی تاکیشدا هەر چارەیەو پێویستە پەیڕەو بکرێت.

٢- **کینەو قین:** دەردێکی کوشندەیەو دەبێتە هۆی لێکترازانی ڕێزو دروستبوونی دژایەتی بەرانبەر یەکدی.

٣- **پێشبرکێی نادروست (شان لێکخزانی ناپەسند):** دەبێتە هۆی پەنابردن بۆهۆکاری نادروست ویەکدی سڕینەوەو قبوڵنەکردنی بەرانبەر، ئەمەش کێشە دەنێتەوە.

٤- **پاوانکردنی مافی کەسانی دیکەو دەستدرێژی بۆسەر سامان وبەرژەوەندییان،** کەخاوەن بەرژەوەندی دێنێتە گۆو بەرگری لە خۆی دەکات وکێشە دروستدەبێت.

٥- **خۆسەپاندن:** واتە بەکەم گرتنی ڕای بەرانبەرو چەوساندنەوەی، کەناچاری دەکات بەرگری لەڕای خۆی بکات و بونی خۆی بسەلمێنێت، لێردا ناحەزی پەیدا دەبێت.

٦- **زیادەڕەوی لەرەخنەی روخێنەردا** :کەدەبێـە هۆی برینداربونی هەستی کەسی بەرانبەرو وەرگرتنی هەلوێستی دژو دروستبونی کێشە.

٧- **پەرەسەندنی کێشە**:زۆرجارکێشەیەکی بچوك وسنوردار بەهۆی دەستێوەردانی لایەنی سێیەمەوە پەرە دەسێنێت و ئاگری فیتنەوئاشوب بەرپا دەبێت.بۆیە پێویستە دڵسۆزان وهۆشمەندان لێنەگەڕێن ئاشوب گەورەبێت ودواترچارەی سەخت و گران ببێت.

دوای ئەوەی هەندێك لەو هۆكارە نائاساییانەمان زانی پێویستە رۆڵی ژیری ودانایی بەهێزبكرێت لەكۆمەڵگەدا تابەر لەفراوانبونی كێشە بگرێت ولەجێی خۆیدا لەچاڵی بنێت وبرایەتی پارێزراوبێت. هەروەها گرنگە هۆشیاری تاك بەرزبكرێتەوە كەبەدوای تۆڵەسەندندا نەگەرێت وهەمیشە چاوپۆش ولێبوردەبێت, بوێر بێت پۆزش بكات كەبۆی دەركەوت هەڵەیە، لەگەڵ خۆی و دەرەوەی خۆیدا ئاشتەوایی بكات، كەسی وا لەلای خودای گەورە رێزدارە.

جۆرەكانی ئاشتەوایی ئەمانەن:

أ - **ئاشتەوایی لەگەڵ خۆیدا،** بەوە دەبێت كۆتایی بێنێت بەشەڕخوازی وسەرزەنشتی دەرونی خۆی بكات، دوری بگرێت لەكێشەو ناكۆكی لەگەڵ كەسانی دیكەدا.

ب - **ئاشتەوایی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا،** كەزیاتر لەرێی لایەنی سێیەمەوە دەبێت.

ئەم جۆرە كێشەیەی خوارەوە بەچەند رێگەیەك چارەسەردەكرێ لەوانە:

یەكەم ـ هاتنە پێشەوەی یەكێك لەلایەنەكان لەخۆیەوە بەداوای لێبوردن كردن لە لایەنەكەی دیكە هەرچەندە لایەنەكەی دیكە هەڵەش بێت، دەستپێشكەر لەلێبوردن باشترە، ئەی گەنجی هۆشیار پەلە بكە بۆ ئەوەی براوەی یەكەم بیت لەم حاڵەتەدا.

دووەم ــ گەڕاندنەوەی ماف بۆ خاوەن ماف، چونكە زەوتكردنی ماف خەڵكانی دیكە لەئیسلامدا حەرامە.

جـ - ئاشتەوایی كردن لەلایەنی سێیەمەوە لەبەرئەوەی كێشەكە گەورەیە، ئەم جۆرە كێشەیە بەم شتانەی خوارەوە چارەسەردەبن:

١- دۆزینەوەی ئەو كەسەی كەهەڵدەستێت بە ئاشتەوایەكە، پێویستە كەسێكی ژیرو هێمن ولای هەردوولا وكەسانی دیكە پەسەند بێت.

٢- گوێگرتن لەخاڵە ناكۆكەكانی هەردوولا ودیاریكردنی خاڵە هاوبەشەكان بەئامانجی نزیك كردنەوەی هەردوو لایەنی ناكۆك.

٣- داخستنی هەموو دەروازەیەكی خراپ بەرووی كێشەكە، بۆیە پێغەمبەرمان (د.خ) بەم فەرموودەیە فەرمانمان پێ دەكات: (**الا فسُدّوا كلَّ خَوّضة**).

٤- كردنەوەی هەموو دەرگایەكی خێر بەرووی ئاشتی وتەباییەوە.

٥- گواستنەوەی هەموو وتەیەکی چاك بۆ نزیككردنەوەی هەردوولاو رازیکردنیان، دانانی ئاشتەوایی لەسەر ئەم بنەمایە پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: (**ليس الكذاب الذي يصلح بين الناس فينوي خيراً او يقول خيراً**).

٦- دوورکەوتنەوە لە توڕەبوون، پەروەردگار باسی باوەڕداران دەکات بەم سیفەتەو فەرموویەتی: ((الَّذِينَ يُنْفِقُونَ فِي السَّرَّاءِ وَالضَّرَّاءِ وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ))(آل عمران- ١٣٤).

٧- ڕەزامەندبوونی هەردوو لایەنەکە بەو ڕێکەوتنەی کە لەنێوانیان ئەنجام دراوە.

ئەنجامی ئاشتەوایی

دوای ئەوەی کینەو ناحەزی دڵەکانی بەجێهێشت وگیانی تۆڵە وەلانراو توڕەیی هێوربۆوە، دەرونەکان پاکژو روخسارەکان ئارام دەبنەوە، دڵەکان بەرووی یەکدیدا دەکرێنەوە دۆستایەتی باڵدەکێشێتەوە بەسەر پەیوەندییەکاندا، ئەم ئایەتەی قورئانیش بەرجەستە دەبێت: ((وَلَا تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلَا السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ))(٣٤-فصلت).

نموونەیەك لەئاشتەوایی

عومەری کوڕی خەتتاب بەتوڕەییەوە جارێکیان گوتی: من توڕەم لەفلان کەس.

بەو کەسە گوترا: بۆچی عومەر لێت توڕەیەو لێت بەقینە؟

ئەویش هاتە لای عومەرو پێی گوت: ئایا لەئیسلام جودا بومەتەوە؟

عومەر گوتی: نەخێر.

- ئەی کەتنێکم ئەنجامداوە، وا لێم بەقینی؟
- نەخێر، ئەوەش نیە.
- ئەی شتێکی دیکەم لەئایندا داهێناوە؟

- ئەوەشیان، نا.

- ئەی بۆچی لێم توڕەو بەقینی، ئەی گەورەی موسڵمانان؟ ئەی خودا نەیفەرموە:

((وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ بِغَيْرِ مَا اكْتَسَبُوا فَقَدِ احْتَمَلُوا بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا))(٥٨-الاحزاب).

تۆ ئازاری دڵمت داوە، خودا لێت خۆشنابێت.

بۆیە عومەر بەخۆیدا چوەوەو، گوتی: ڕاست دەڵێت. سوێند بەخودا، نەجودا بۆتەوە، ونەکەتنی کردوە، نەو .....نە..........بمبورە ولێم خۆش بە، ئەوەندەی گوتەوە تا هاوەڵەکە گەردنی ئازادکرد.

پرسیار

١- ئایەتێك بە بەڵگە بێنەرەوە کەتیایدا فەرمان بەئاشتەوایی وچاکەکاری کرابێت.

٢- ئایەتێکی قورئانی پیرۆز بنوسە کەتیایدا موسڵمان بەوە وەسفکرابێت دوورە لەتوڕەبوون.

٣- بەئایەتێکی قورئان بەڵگە بێنەرەوە کە دوای ئاشتەوایی نێوان ناکۆکەکان خۆشەویستی دروست دەبێت.

وەڵامی ئەم پرسیارانە لەراڤەی بابەتەکەوە وەردەگیرێت:

١- بەهێزترین ودرێژخایەنترین ئاشتەوایی کامەیە؟ شیبکەرەوە.

٢- چەند ڕێگایەك هەیە بۆچارەسەری کێشەی نێوان دوولایەنی ناکۆك بێ بەشداری لایەنی سێیەم، دوو لەو ڕێگایانە بلێ؟

٣- هەندێك جار بۆچارەسەری کێشەی نێوان دوولایەن، پێویست بەلایەنی سێیەم دەبێت، ڕوونی بکەرەوە.

نیشانەی ڕاست یان هەڵە بۆ ئەم دەستەواژانە دابنێ:

١- مرۆڤ وا دروستبووە دورە پەرێز بژی نەك لەنێو کۆمەڵدا.

٢- ئیسلام هەموو ئەو کەلەبەرانە دادەخات کەکێشە لێیانەوە درزە دەکاتە نێوان خەڵك.

٣- کینەو قین دەبێتە هۆی رواندنی تۆی خۆشەویستی ودۆستایەتی.

وەڵامی ڕاست لەنێوان کەوانەکاندا هەڵبژێرە:

١- دەکرێت توڕەیی خامۆش بکرێت، ئەگەر لە.................دوربین.

(خۆ بەکەم زانین، کەللە رەقی)

٢- هەرچەند .... کەم بێت، کێشەو پشت هەڵکردن کەم دەبێتەوە.

(جیاوازی، پێکەوە گونجان)

٣- .... ڕێگایەکە بۆ نانەوەی کێشەو ڕووبەڕووبونەوە .

(پێشبڕکێی ناڕەوا، پێشبڕکێی رەوا)

چالاکی

١- لەکاتی ڕوودانی کێشە لەنێوان خۆم وهاوڕێیەکمدا، هەوڵدەدەم درێژە نەکێشێت. ئەمە چۆن دەبێت؟

٢- گەر کەسێك بەمەبەستی تێکدانی نێوانمان لەگەڵ هاوڕێیەکم، لێم بێتە پێشەوە، پشتگوێی دەخەم وگوێی بۆناگرم.

٣- گەر ناکۆکیەك کەوتە نێوان دوو هاوڕێم، دەستبەجێ هەوڵی چارەسەری دەدەم.

٤- ئەگەر هاوڕێکەم پشتم تێبکات هەربەگومان وبەبێ ئەوەی تاوانم هەبێت، پێی دەڵێم کەئاگای لێبێت خۆی توشی گوناە نەکات وبزانێت من هەردلسۆزم بۆئەو.

وانەی شانزەم

زەكات وهەندێك لەحوكمەكانی

خودای گەورە دەفەرموێت: ((وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَارْكَعُوا مَعَ الرَّاكِعِينَ)).(٤٣-البقرة)
هەروەها دەفەرموێت: ((وَأَنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ)).(١٩٥- البقرة)

پێناسەی زەكات:

ئەو بڕە ماڵەیە لەدەوڵەمەندان وەردەگیرێت ودەدرێتە هەژاران وئەو پۆلانەی لەقورئاندا دیاریكراون، بەپێی ڕێ وشوێنێكی تایبەت.

مەرجەكانی پێویستبونی زەكات:

زەكات پێویست دەبێت لەسەر هەركەسێك ئەم مەرجانەی تێدابن:
١- موسڵمانێتی: واتە كەسی دەوڵەمەند مەرجە موسڵمان بێت.
٢- سەربەستی: مرۆڤە موسڵمانەكە دەبێت سەربەست بێت، واتە كۆیلە نەبێت. بەواتای ئەوەی خاوەندارێتی پێبكرێت.

٣- ماڵ وسامانی لەئاستی (نصاب)دا بێت، واتە ئەو بڕەی لەشەرعدا زەکاتی لەسەر پێویست دەبێت وگەر لەو سنورە کەمتربوو زەکات دان نایگرێتەوە. ئەمەش بەپێی جۆری ماڵەکەیە، دراو، کشتوکاڵ، میوە، ئاژەڵ.....هتد، هەریەکەو بەئەندازەو بڕی جیا زەکاتی لەسەر پێویست دەبێت.

٤- تێپەربوونی ساڵێکی کۆچی بەسەر ئەو ئەندازەیەی زەکاتی لەسەر پێویست دەبێت، جگە لەکشتوکاڵ وبەروبومی میوە کەلەگەڵ دروێنە یان کۆکردنەوەی بەرهەمدا زەکاتی لێ دەردەکرێت. بڕی پێویست بۆ زەکات دانەکەش واتا(نصاب) دەبێت لەپێداویستیە سەرەکیەکانی خاوەنەکەی زیادبێت وەك پۆشاك وخۆراك وجێی حەوانەوە.

٥- خاوەندارێتیێ تەواوی ماڵەکەی هەبێت. ئەو ماڵ وسامانەی زەکاتی لێدەدرێت پێویستە ئەم مەرجانەی تیابێت:

١- گەشەکردن: واتە یان لەگەشەکردندا بێت یاخود شایستە بێت بۆ گەشەکردن وزیادبوون.

٢- ئەندازەو بڕی پێویست(النصاب): بەپێی جۆری ماڵ وکاڵاکە دەگۆڕێت.

٣- بەتەواوی لەخاوەندارێتی خاوەنەکەیدا بێت.

٤- ئەو بڕو ئەندازەیە لەپێویستیە سەرەکیەکان زیاد بێت.

٥- ئەو ماڵ ودارایی وکاڵایە قەرزی لەسەر نەبێت لەوکاتەدا پێویست بەدانەوەی بکات.

٦- ساڵی کۆچی بەسەردا تێپەربوبێت جگە لەبەروبوم وکشتکاری.

٧- ئەو ماڵ وسامانە لەدەستکەوتی حەڵاڵ بێت.

ئەو جۆرانەی لەماڵ وسامان زەکاتیان لێدەردەکرێت

١- زێڕو زیو ودراو.

٢- ماڵی بازرگانی.

٣-ئاژەڵی ماڵی(حوشتر) گاو مانگا، مەڕو بزن.

٤- کشتوکاڵ وبەروبوم.

٥- کانزاو خشڵ.

٦-هەنگوین.

٧-پشك وچەکی بانکی ووەرگرتەی کرێ.

ئەوانەی زەکاتیان پێدەشێت

خودای گەورە دەفەرموێت: ((إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ))(٦٠-التوبة)

١- هەژارەکان: ئەوانەن ماڵ وسامانیان نیەو دەرامەتیشیان نیە.

٢- ماڵنشین(مسکین): ئەوانەن ئەندازەی پێویستیان نیەو ئەوەی دێتە دەستیان بەشی بژێوی ناکات.

٣- کارمەندانی کۆکردنەوەی زەکات: ئەوانەن کەلەرێی میریەوە، یان دەستەی راسپێردراوەو کاری کۆکردنەوەو سەرژمێری وپاراستنی ماڵی زەکات ودابەشکردنیان خراوەتە ئەستۆ.

٤- دڵنەواکراوان، کەدوو بەشن:

أ- ئەو بێباوەڕانەی ئومێد دەکرێت بەدڵنەواییکردن بێنە ناو بازنەی ئیسلامەوە، یان بۆ خۆ پارێزی لەشەڕیان گەر توانای زیانگەیاندنیان هەبوو.

ب- ئەو توێژە لەموسڵمانان کەئاینیان لاوازە، زەکاتیان بدرێتێ بەئومێدی دابینکرنی بژێوی گونجاو بۆیان وئامادەبوونیان بۆ تێگەیشتن وفێربوونی ئیسلام.

٥- ئەوانەی گیرۆدەن: واتە لەکۆیلەو کەنیزەك کەسەربەست نین، زەکاتیان پێبدرێت بەئەندازەی دەربازبون لەکۆیلایەتی و وەرگرتنی ئازادی بۆبڕیاردان. ئەم چینە لەم سەردەمە نەماون.

٦- قەرزاران: بەڵام هەموو قەرزارێك ناگرێتەوە، مەرجدارە.

٧- لەپێناوی خودادا: لەڕێی شکۆداری و بڵند راگرتنی بەرژەوەندی گشتی، داکۆکی کردن لە خاك و نیشتیمان.

٨- ئەوانەی لەنێو رێگادان: ئەو رێبوارانەی پارەیان لێ دەبرێت ودوورن لەجێی خۆیان، دەوڵەت زەکاتیان دەداتێ بەو ئەندازەیەی پێویستیان دابینکرێت تا دەگەرێنەوە شوێنی خۆیان.

چۆنیەتی زەکات دان لەماڵی بازرگانی

ئەگەر بازرگان کاڵای بەنەقدی واتە دەست بەدەست دەفرۆشت وکاڵای نەدەهێشتەوە تا نرخی سەرکەوێت وگران بێت، ئەوە ساڵانە کاڵا بازرگانییەکانی دەقەبلێنی (تەنانەت گەر زیانیشی لێکەوتبێت چەند ساڵێك) ولەگەڵ دەستمایەکەی پێکەوە زەکات لەهەمووی دەدات. هەروەها زەکات دەردەکات لەو قەرزەی بەلای کەسێکەوە یان وەك کاڵای بازرگانی داویەتی پێی وکاتی وەرگرتنەوەی هاتوەو بەتەمایەتی.

بەڵام ئەو ماڵ وکاڵایەی قەرزە لای کەسێکی وا ناتوانێ بیداتەوە یان ستەمکارەو داگیری کردوەو بەتەمای نیە، زەکاتی لەسەر نیە، مەگەر دوای وەرگرتنەوەی. هەروەها ئەو ماڵەی لەسەرخۆی قەرز بێت یان بەپێشینە (**سلفة**) وەری گرێت وبیداتە قەرز زەکاتی لێنادرێت تا نەبێتە ماڵی خۆی.

پرسیار

١- مەرجەکانی زەکاتدان کامانەن؟

٢- ئەو چینانە کێن زەکاتیان پێدەشێت؟

٣- دڵنەواکراوان کێن؟

٤- زانایان بەچ بەڵگەیەك دەڵێن زەکاتی کاڵا بازرگانیەکان پێویستە بدرێت؟

وانەی حەڤدەم

ماڵبەخشین وسوودەکانی

ئاینی ئیسلام هاندەرە بۆ ئاکارێکی پەسەندو سوودمەند، ئەویش خێرکردن وماڵبەخشینە کەئاکارو سیفەتی پێغەمبەران وچاکان بوە، بۆیە پێویستە باوەڕدارانیش خاوەنی هەمان ئەو سیفەتانەبن تەنانەت بەوشەیەکی باش وشیرینیش بێت.

بوارەکانی خێرو مەندی وچاکەکردنیش زۆرن، هەر لەبەخشینی ماڵ وسامان تا بەشداری لەپرۆژەی خێرخوازیدا یان خوێن بەخشین، یان هاوکاریکردن لەدروستکردنی خانوو بۆهەژاران وهەڵکەندنی بیری ئاو تا دەگاتە لابردنی ئازارو دڕك وداڵ لەسەر ڕێدا. هەروەها ئامۆژگاری وئاراستەی دروست لەریزی خێرکردن وبەخشین هەژمار دەکرێت. پێغەمبەری خودا (د.خ) دەفەرموێت ((**الكلمةُ الطَّيِّبةُ صَدَقَةٌ**)).

سوودەکانی خێرکردن

١- گوناه و تاوان لەسەر خاوەنەکەی دەسرێتەوە لای خودا.

٢- بەڵاو نەهامەتی لەکەسی بەخشەرو خێرکار دور دەکەوێتەوە.

٣- ماڵ وتەندروستی خێرخوازەکە فەڕی دەبێت وگەشەدەکات. پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت ((**ما نقصَ مالٌ مِنْ صدقَةٍ**)).

٤- چارەسەرە بۆئازارو نەخۆشیەکان.

٥- بەڵگەیە لەسەر گوێڕایەڵی موسڵمان وبەندەکان بۆخودای بەدیهێنەریان.

٦- دەبێتە مایەی ئاسودەیی ویژدان وراهێنان لەسەر بەخشندەیی وهەستکردن بەئازاری مرۆڤەکانی دیکە.

خێری بەردەوام ونەبڕاوە

بەو خێرو چاکەیە دەوترێت کەپاداشت وخێری بۆخاوەنەکەی دوای مردنیشی هەر بەردەوام بێت. نموونەش لەسەر جۆری ئەو کارە خێرانە، ئەمانەن:

١- دروستکردنی مزگەوت وخوێندنگەو نەخۆشخانەو هەر دامەزراوەیەکی خزمەتگوزاری دیکە کە لەخزمەتی کۆمەڵگەدا بێت، هەر بەبەشداریکردن لەو پرۆژانەدا ئەو پاداشتە بەدەست دێت.

٢- هەڵکەندنی بیری ئاو ورێکخستنی تۆڕی ئاو بەمەبەستی خواردنەوە یان ئاودێری رووەك.

٣- کارکردن لەبواری بڵاوکردنەوەو گەیاندنی زانستی جۆراوجۆر بەتایبەت زانستە شەرعیەکان، هەروەها دروستکردنی پەڕتوکخانەی گشتی بۆ فێرخوازان.

٤- چاککردنی رێگاوبان، دروستکردنی پردو پردەباز بەتایبەت لەو شوێنانەدا کەدورە دەستن ودانیشتوانی کەم دەرامەتن.

گفتوگۆ

١- موسڵمانی پابەند بەکێ دەلێن؟

٢- سوودەکانیماڵبەخشین وخێرکردن چین؟

٣- مەبەست لەخێری نەبڕاوە چیە؟

ئەم بۆشاییانە پڕبکەرەوە:

١- هاوکاری خەڵك بەماڵ و............. و .... دەبێت.

٢- بەخشین وخێرکردن لەسیفەت وئاکاری.................. .

٣- الكلمة الطيّبةُ................. .

٤- خودای گەورە فەرو بەرەکەت دەخاتە .... و .... خێرخوازی بەخشندەوە.

چالاکی

بۆلەبەرکردن:

١- **ئایەتی** ((مَثَلُ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنْبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنْبُلَةٍ مِائَةُ حَبَّةٍ وَاللَّهُ يُضَاعِفُ لِمَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ))(٢٦١-البقرة).

٢- **فەرموودەی پێغەمبەر** (د.خ) ((ما نقصَ مالٌ مِنْ صَدَقَةٍ)).

وانەی هەژدەم

لەمافەکانی موسڵمان لەسەر موسڵمان

دورکەوتنەوە لەقسەی ناشیرین وناوزڕاندن وناو ناتۆرەو، درکاندنی نهێنی یەکدی

جنێودان وناوهێنانی یەکدی بەتانەو تەشەر ودەرخستنی کەم وکوری دوورن لەرەفتاری مرۆڤی موسڵمان وبەپێشیل کردنی مافی یەکدی دەژمێردرێن.

پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەفەرموێت: ((**لیسَ المؤمنُ بالطعّانِ ولا اللعّانِ ولا الفاحشِ البذيء**)).

هەروەها دەفەرموێت: ((**مَنْ سترَ عورةَ أخيهِ المسلم في الدنيا سترَ الله عورتَهُ يومَ القيامة**)).

بۆیە پێویستە دووربین لەرەفتارو ئاکاری ناپەسەندو ئەوەی بۆ خۆمان پێمان ناخۆشە بۆکەسی بەرانبەر بەکاری نەهێنین، چونکە دەبێتە هۆی:

١- تێکچونی پەیوەندییەکان.

٢- دوشمنایەتی نێوان تاکەکان وکۆمەڵگەش.

٣- لەکەدارکردن وروشاندنی کەسایەتی.

بەڵکو لەجیاتی ئەو ئاکارانە خۆشەویستی وئەمەك وهۆگری لەنێوان تاکەکاندا برویێت وچرۆبکات، تا پەیوەندیەکان پتەوو ژیان ئاسودە بێت.

پاراستنی نهێنی ونەدرکاندنی

یەکێکی تر لەو مافانەی پێویستە لەنێوانماندا پارێزراو بێت پاراستنی نهێنی وناتەواوی یەکترە، نهێنی سپاردەیەو سپاردەش لێپرسینەوەی هەیە، پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: ((اذا حدث الرجلُ بحديثٍ ثُمَّ التفتَ فَهو امانَةٌ)). واتە گەر کەسێك لەکاتی گێرانەوەی قسەیەکدا چاوی دەگێڕا کەواتە نهێنی تیابوەو پێویستی بە نەدرکاندنە، ئەمەش بەشێکە لەرەوشتی بەرزو پاراستنی سپاردە.

نهێنیەکان سێ جۆرن:

١- ئەوانەی شەرعی ئیسلام فەرمانی کردوە بە نەدرکاندنیان.

٢- جۆرێکیش ئەوەیە خاوەن نهێنیەکە داوای نەدرکاندنی دەکات.

٣- ئەو جۆرەی پێویستە نەدرکێنرێت بەڵام لەرێی پیشەو کارەوە ئاشکرا بووبێت.

گفتوگۆ

١- ئاشکراکردنی نهێنی وناتەواوی خەڵك دەبێتە هۆی ئ- .... ب- .... پ- ....

٢- جۆرەکانی نهێنی ئ- .... ب- .... پ- ....

٣- نهێنی .... یەو درکاندنی لەشەرعدا ....

٤- .... مافیان بەسەریەکەوە هەیە لەو مافانەش پاراستنی .... یە.

وانەی نۆزدەم

پاوانکاری وشاردنەوەی شمەك

پاوانکاری بریتیە لە: شاردنەوە یان دەستبەسەراگرتنی کاڵا سەرەکیەکانی ژیان وەك خۆراك لەلایەن کەسانێکەوە بەمەبەستی بەرز بوونەوەی نرخ وفرۆشتنی لەکاتی گرانبونیدا بەهاووڵاتیان.

جۆرەکانی پاوانکاری

١- **پاوانکاری لەلایەن کەمینەیەکەوە:** واتە ژمارەیەکی کەم لەبەرهەمهێن یان فرۆشیار دەست بەسەر کاڵایەکی دیاریکراودا دەگرن وکاتێك دەیخەنە بازاڕ نرخی بەرزبوبێتەوە بەهۆی کەمبونەوەی یاخود نەمانی لەبازاڕدا.

٢- **پاوانکاری دولایەنە:** واتە بەرهەمهێن یان سەرمایەدار لەگەڵ کەسێك ڕێکدەکەون وبەهەردوکیان سەبارەت بەو کاڵا تایبەتە یاری بەنرخی دەکەن وناهێڵن دەست بەدەستی دیکە بکات.

٣- **پاوانکاری تەواو:** بە دەستبەسەراگرتنی کاڵایەك دەڵێن لەلایەن کەسێکەوەو، نەبونی هاوشێوەی دیکەی ئەو کاڵایە لەبازاڕو دەرەوەشدا، بەمەش هەرخۆی بەتەواوی دەتوانێت یاری بەنرخی بکات.

٤- **پاوانکاری دەوڵەت:** کاتێك دەوڵەت بەرهەمهێنانی کاڵایەکی دیاریکراو پاواندەکات ولەبازاڕ دەیگرێتەوە، نرخی سەردەکەوێت وهاووڵاتی زیانمەند دەبێت. ئەمەش جۆرێکە لەپاوانکاری.

زیان و دەرەنجامە خراپەکانی پاوانکاری

ئابوری وڵات گەر بەسستەمی سۆسیالیستی بەرێوەدەچو، واتە دەوڵەت سەرپەرشتی دەکرد ئەوا ئامرازەکانی بەرهەمهێن لەدەستی دامەزراوە دەوڵەتیەکاندا دەبێت وتاك رۆلی نابێت، واتە پاوانکاری دەوڵەت روودەدات، بەپێچەوانەشەوە لەسستەمی سەرمایەداریدا تاك رۆڵ دەگێرێت لەپاوانکاری بازاڕدا. لەهەردوو حاڵەتدا هاووڵاتی باجەکەی دەدات کەکۆمەڵێك مەترسیان لێدەکەوێتەوە، لەوانەش:

١- پاوانکاری دەبێتە هۆی کوشتنی گیانی کێبڕکێی نێوان تاکەکان ودەوڵەتانیش وبەرهەم لەرووی جۆرو ئاستەوە چەق دەبەستێت.

٢- زۆرجار پاوانکار ناچار دەبێت برێك لەداهات وکاڵاکان لەناوببات بەسوتاندن یان فڕێدان بەمەبەستی راگرتنی بەها لەئاستێکداو، دانەبەزینی نرخ لەبازاڕدا.

٣- لەرووی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان وئاستی تاکیشدا ناتەبایی وکینە دەنێتەوەو کۆمەڵگە زیانمەند دەبێت.

٤- بەهۆی پاوانکارییەوە چەندین دەردی کۆمەڵایەتی وئابوری کوشندەی وەك بێکاری وهەڵاوسان ودارمانی ئابوری ودیاردەی بەرتیل و دوو رویی ودزی وفێڵ....هتد لەکۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدەن.

دژایەتی وبەگژاچونەوەی ئیسلام بۆ پاوانکاری

ئاینی ئیسلام بەتوندی دژی پاوانکاری وسودی ناڕەواو شاردنەوەی قوتی بژێوی مرۆڤەکان دەوەستێت، بەڵکو دژ بەوانەی سوودی ناشەرعی دەبینن لەمامەڵەو بازرگانیدا جەنگی راگەیاندوە، لەلایەن خوداو پێغەمبەرەوە (د.خ) لەقورئانی پیرۆزدا. هەروەها پێغەمبەر (د.خ) فەرمویەتی ((**لا يَحتكِرُ الاّ خاطيء**)). (**ئیمام ئەحمەدو موسلیم وئەبوداود گێڕاویانەتەوە**). دیسان دەفەرموێت (د.خ): ((**مَن إحتكرَ على المسلمين طعامهم ضربه الله بالجذام والافلاس**)) (**ئیبن ماجە گێڕاویەتەوە**).

رێبازەکانی چارەسەرکردنی پاوانکاری

ئاینی ئیسلام بەرانبەر ئەم دیاردە ترسناکە هەڵوێستی هەیەو بەچەند شێوازێك بەرەنگاری دەبێتەوەو دەیەوێت شوێنەوارەکانی لەکۆمەڵگەدا بسڕێتەوە، لەم شێوازو رێبازانەش:

١- هۆشیاری پێدان وترساندنی پاوانکاران لەلایەن فەرمانڕەواو بەرپرسانی وڵاتەوە بەخستنە بازاڕی کاڵا شاردراوەکان بەنرخی گونجاو، لەکاتی سەرپێچیشدا واپێویست دەکات کاربەدەستان دەست بەسەر ئەو کاڵایانەدا بگرن کەبژێوی خەڵکیان لەسەرەو لەرێی دەوڵەت خۆیەوە بفرۆشرێن، ومافی خاوەنەکەشی پارێزراو دەبێت.

٢- دەوڵەت هەڵدەستێت بەهاوردەکردن یان بەرهەمهێنانی جۆری ئەو کاڵا سەرەکیانەی شاردراونەتەوە، بەجۆرێك لەبازاڕەکاندا دەستەبەربن بۆ هاووڵاتیان وپاوانکاران ناچاربکرێن دەست لەشاردنەوە هەڵگرن، بەمەش نرخ دادەبەزێت وپیلانی گرانفرۆشان پوچەڵدەبێتەوە.

٣- والاکردنی دەروازەی بازرگانی وئالوگۆر لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەداو ئاسانکاری بۆهاوردەکردنی بڕی پێویستی کاڵا سەرەکیەکان، تا بازاڕەکان چۆل نەبن لەکاڵاو چاوچنۆکان هەلەکە نەقۆزنەوە بۆ گرانفرۆشی.

٤- نرخدانان: لەدۆخێکی تایبەتدا دەوڵەت بۆی هەیە نرخ لەسەر کاڵا پێویستەکان دابنێت بەشێوەیەك نەکڕیارو نەفرۆشیار زەرەرمەند نەبن، ئەمەش بەشێوەی کاتی ودوای چەند قۆناغێك لەچارەسەری بێ ئەنجام. چونکە نرخ دانان پرەنسیپێکی کاتی وناچاریە، ئەگەری

دروستبونی ستەم هەیە گەر بەرەهایی پەیرەوبکرێت. پێغەمبەری خودا (د.خ) پێی خۆشنەبوە لەکاتی گرانیدا پەناببرێت بۆئەو بنەمایە، بەدەگمەن نەبێت. بەم شێوەیە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەچەندین شێواز رووبەرووی گەندەڵی وپاوانکاری دەبێتەوە بێ ئەوەی ستەمیش لە فرۆشیار بکات چونکە ئاینی هەموانە. دژ بەبازرگان ودەوڵەمەندیش نیە، بەڵکو بازرگانی دەستپاك وهەرزانفرۆش لەریزی چاکاندا هەژمار دەکات وهەمیشە هەوڵی پێکەوە ژیان وتەبایی دەدات لەنێو چین وتوێژەکانی کۆمەڵدا.

پرسیار

١- پاوانکاری چیە؟ رونی بکەرەوە.

٢- بوارەکانی پاوانکاری کامانەن؟ باسیان بکە.

٣- مەترسیەکانی دیاردەی پاوانکاری بژمێرە؟

٤- رێبازەکانی چارەسەری ئەم دیاردەیە لەئیسلامدا کامانەن؟ بیان ژمێرە.

چالاکی

ئەم دوو فەرمودەیەی پێغەمبەر (د.خ) سەبارەت بەگرانفرۆشی بخوێنەرەوەو لەبەریان بکە:

١- مَنْ إحتكَرَ حكرةً يُريدُ أنْ يَغلي بها على المسلمينَ، فهوَ خاطِيءٌ.

٢- مَنْ إحتكَرَ على المسلمينَ طَعامَهم، ضربَهُ اللهُ بالجُذامِ والافلاس.

وانەی بیستەم

چەند وانەو پەندێك لە ژیانی پێغەمبەران

٢- لەدایكبونی موسا (دخ)

خودای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

((إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا فِي الْأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا يَسْتَضْعِفُ طَائِفَةً مِنْهُمْ يُذَبِّحُ أَبْنَاءَهُمْ وَيَسْتَحْيِي نِسَاءَهُمْ إِنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ (٤) وَنُرِيدُ أَنْ نَمُنَّ عَلَى الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا فِي الْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ الْوَارِثِينَ(٥) وَنُمَكِّنَ لَهُمْ فِي الْأَرْضِ وَنُرِيَ فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَجُنُودَهُمَا مِنْهُمْ مَا كَانُوا يَحْذَرُونَ (٦) وَأَوْحَيْنَا إِلَى أُمِّ مُوسَى أَنْ أَرْضِعِيهِ فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِي الْيَمِّ وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحْزَنِي إِنَّا رَادُّوهُ إِلَيْكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ الْمُرْسَلِينَ (٧) فَالْتَقَطَهُ آلُ فِرْعَوْنَ لِيَكُونَ لَهُمْ عَدُوًّا وَحَزَنًا إِنَّ فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَجُنُودَهُمَا كَانُوا خَاطِئِينَ (٨) وَقَالَتِ امْرَأَتُ فِرْعَوْنَ قُرَّتُ عَيْنٍ لِي وَلَكَ لَا تَقْتُلُوهُ عَسَى أَنْ يَنْفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ (٩) وَأَصْبَحَ فُؤَادُ أُمِّ مُوسَى فَارِغًا إِنْ كَادَتْ لَتُبْدِي بِهِ لَوْلَا أَنْ رَبَطْنَا عَلَى قَلْبِهَا لِتَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (١٠) وَقَالَتْ لِأُخْتِهِ قُصِّيهِ فَبَصُرَتْ بِهِ عَنْ جُنُبٍ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ (١١) وَحَرَّمْنَا عَلَيْهِ الْمَرَاضِعَ مِنْ قَبْلُ فَقَالَتْ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَى أَهْلِ بَيْتٍ يَكْفُلُونَهُ لَكُمْ وَهُمْ لَهُ نَاصِحُونَ (١٢)))(٤-١٢القصص).

موسا (د.خ) پێغەمبەرێكی خاوەن پەیامەو بۆ جولەكەكان نێردراوە، مەسیحی وموسڵمانانیش باوەڕیان پێی هەیە. موسا لەوڵاتی میسرو لەسەردەمی فیرعەونەكاندا هاتۆتە دنیاوە وەك قورئان ئاماژە دەكات. فیرعەونی (پادشای) میسر خەوێك دەبینێ تیایدا ئاگرێك لەبەنی ئیسرائیلەوە هەڵگیرساوە كڵپەكەی ئەو دەسوتێنێت ودەسەڵاتەكەی لەناودەبات، راڤەكارانی خەوەكە پێی دەڵێن منداڵێك كەلەنەوەی ئیسرائیل لەدایك دەبێت دەسەڵاتەكەی لێ دەستێنێت، بۆیە بڕیاردەدات هەر كوڕێك لەو نەوەیە هاتە دنیاوە دەبێ بكوژرێت. بەم شێوەیەو بەمەبەستی پاراستنی لەكوشتن دایكی كوڕە كۆرپەكەی دەخاتە سندوقێكی تەختەو بەئاوی نیلی دەسپێرێت، بڕیاری خودا وادەبێت روبارەكە ئەم سندوقە دەگەیەنێتە بەردەم كۆشكی فیرعەون وئاسیای خێزانی فەرمان بەهێنانی دەكات، كەبۆی دێنن بڕیاردەدات ئەم كۆرپەیە بكاتە منداڵی تاقانەی خۆی وبەخێوی بكات.

ئەم لەدایك بوونە ٥٠٠ ساڵ دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر یوسف (دخ)بوو واتە نزیکەی (١٩٨٢) ساڵ پێش هاتنە دنیای عیسای کوڕی مەریەم (دخ).

عیبریەکان لەسەردەستی دەست وپێوەندانی فیرعەوندا زۆر دەچەوسانەوە، بۆیە خودای میهرەبان خستیە دڵی دایکیەوە کە بەو ڕێگەیەی باسمانکرد ئەم کۆرپەیە بپارێزی وبیدات بەدەم ئاوەوەو ترسی نەبێت، چونکە خودا بەسەربازانی فریشتەی خۆی دەیپارێزێت ولەئەنجامیشدا دەیگێڕێتەوە ئامێزی گەرمی دایکی ولەپیلانی پیاوانی فیرعەون ڕزگاری دەبێت. فیرعەون وئاسیای کچی موزاحیمی خێزانی ڕێکدەکەون لەسەر بەخێوکردن وسپاردنی ئەم کۆرپەیە بەدایەن کەهەر لەکۆشکەکەیاندا ناوی (موسا)[1] یان لێنا تاببێتە کوڕیان ولەپیریياندا جێیان بگرێتەوە.

لەولاشەوە دایکی موسا بەخەمباری ودڵە راوکێوە گوێی هەڵخستبوو بۆ هەواڵێکی کۆرپەکەی لەپڕ بەرگوێی مەریەمی خوشکی کەوت کەکۆشکی فیرعەون ئافرەتێکی شیردەریان دەوێت بۆ بەخێوکردنی کۆرپەیەك، ئەویش دایکی دێنێت وهەرکە کۆرپەکەی لەئامێزگرت بەفەرمانی خودا شیری ئەوی مژی وگریانی نەما، کە پێشتر چەندین ئافرەتی

[1] موسا: لە ئاوهەڵێنجراو (دەرهێنراو)

شیردەری تریان هێنابوو مەمکی کەسیانی نەدەگرت، ئەمەش لەمیهرەبانی خوداوە بوو کەبەم نەخشەیە موسای گێڕایەوە باوەشی گەرمی دایکی وژیانی ئابوریشیان بوژایەوە. ئەم بەسەرهاتە بەقورئانی پیرۆز پشت راست کراوەتەوە لەسورەتی (القصص)دا. بەئایەتەکانی (٧-١٢). بەم شێوەیە موسا گەورە بوو، بوە خاوەنی دانایی وتواناو ئاوەز، پاشان خودای گەورە پەیامی (تەورات)ی بۆناردو کردیە پێغەمبەرێکی خاوەن عەزم(د.خ).

پەندو وانە لەم بەسەرهاتە

گومانی تیانیە ئەم بەسەر هاتە پڕە لەوانەی گرنگ وسەیرە. نەخشەی خودای گەورە بوو کە موسا لەکۆشکی پاشایەتیادا گەورە بێت وپاشان لەرێی دایك وخوشك وخێزانەکەیەوە بزانێت کە ئەو لەنەوەی ئیسرائیلەو خودا بەو نەخشەیە لەتیاچون پاراستی. بۆیە پێگەکەی بەکارهێنا بۆکەمکردنەوەی ئازاری گەلەکەی لەسەردەستی پیاوانی فیرعەوندا بەپێی توانا. دەبێت موسا لەماڵی دوشمنەکەیدا گەورە بێت ودایکی کە بێ هیواببو لەژیان وئایندەی کۆرپەکەی موچەشی بۆ ببڕێتەوەو خۆی بەخێوی بکات و، پاشان موسا ببێتە پێغەمبەرو بانگی فیرعەون بکات بۆباوەڕو خوداناسی.



راهێنان

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە:

- موسا (دخ) لە کوێ لە دایک بووە؟
- بۆچی فیرعەون بڕیاری کوشتنی نێرینەکانی بەنی ئیسرائیلی دا؟

گفتوگۆ

پەند لە چیرۆکی لە دایکبوونی موسا (دخ) چییە؟

وانەی بیستو یەکەم

چەند وێنەیەك لەژیانی هاوەڵان

عومەری كوری خەتتاب ودایكی چەند منداڵێك

وەك سروشتی هەمیشەیی خۆی لەو شەوە تاریكەی نۆرەی سەردانی خانەوادە چادر نشینەكانی دەوروبەری مەدینەبوو، لەگەڵ بەردەستێكی دا بەناوی (ئەسلەم)، عومەری كوڕی خەتتاب بەرەو ئەو چادرە ڕۆیشت بۆئەوەی بزانێت لەو درەنگە بلێسەی ئەو ئاگرە چیە، نەبا شتێك گڕی گرتبێت: **سڵاو دایە گیان، پێمان ناڵێی لەم درەنگی شەوەدا بەم گەرمایە ئاگرت بۆ كردۆتەوە؟**

- كوڕم، ئەو دوومنداڵەم لەبرسا دەگریان ومنیش هەندێك ئاوم كردە مەنجەڵێك ولەسەر ئەو ئاگرەم دانا تابێدەنگیان بكەم، وا خەریكە بەدەم هەنسكەوە خەو دەیانباتەوە: برسێتی ئەو منداڵە بێ باوكانەم لەئەستۆی عومەری جێنشین دایە.
- باشە، دایە گیان جاعومەر كەی ئاگای لەحاڵی ئێوەیە؟
- ئەی پێشەواو جێنشین نیە! بەڵێ ئەركی ئەوە لێمان بپرسێتەوە.

عومەر زۆر ئازاری پێگەیشت بەم دیمەنەو دەستبەجێ لەگەڵ ئەسلەم گەڕانەوە مەدینەو لەگەنجینەی (بەیتولمالی) موسڵمانان كۆڵێكی گەورەی لەخۆراك وپێداویستی بەكۆڵداداو گەڕانەوە بەرەو پیرەژنەكە، لەرێدا ئەسلەم دەیویست كۆڵەكەی لێوەرگرێت ویارمەتی بدات بەڵام عومەر داینەدەنا ودەیگوت: ئایا تۆ ئەتوانی كۆڵی گوناهەكانم لەقیامەتدا بۆ هەڵگری، نەخێر هەردەبێت خۆم هەڵی گرم، من بەرپرسم، من شوانم، خودا لەمن دەپرسێتەوە. هەر كەگەیشتن عومەر خۆی خۆراكی بۆ منداڵەكان ئامادەكردو زەردەخەنەی خستەوە سەرلێویان، دایكەكەیان، گوتی: خودا لێتان رازی بێت، كوڕم، ئێوە كێن؟

دایە گیان، سبەینێ بچۆ بۆلای جێنشین، لەوێ دەمان بینێت.

بۆ بەیانی پیرەژنەكە چوو بۆ لای جێنشین و بۆی دەركەوت كۆڵبەرەكەی شەو خۆی بوو، بۆیە شەرم دایگرت وویستی بچێتە دواوە.

- دایەگیان، فەرموو دانیشەو لەمەولا لەبەیتولمال موچەی مانگانە وەردەگرن.

بەم شێوەیە گەورەی موسڵمانان عومەری كوڕی خەتتاب موسڵمانان وهەژارانی بەسەر دەكردەوەو بەكۆڵی خۆی پێداویستی بۆدەگواستنەوە.

گفتوگۆ

١- بۆچی شەوانە عومەڕی کوڕی خەتتاب بەناو شارو دەوروبەردا دەگەڕا؟

٢- منداڵەکانی نێو چادرەکە بۆچی دەگریان؟

٣- مەبەستی پیرەژنەکە چی بوو کە گوتی (ئەرکی جێنشینە بەسەرمان بکاتەوە، بەڵام لێمان ناپرسێتەوە).

٤- کاتێك ئەسلەم ویستی کۆڵە خۆراکەکە لەعومەر وەرگرێت وهەڵی گرێت، عومەر گوتی چی؟

٥- کەپیرەژنەکە هات بۆلای جێنشین، چی بۆکرا؟

٦-لەم ڕووداوە چی فێردەبی؟



وانەی بیستو دووەم

عەلی کوڕی ئەبی تالیب

خودا لێی رازی بێت

ناوو نازناوی:

ناوی (عەلی کوڕی ئەبی تالب (عەبدولمەناف)ی کوڕی عەبدولموتەلیب کوڕی هاشم)ە ئامۆزای پێغەمبەری خودایە (د.خ) بە(ئەبوحەسەن) ناسراوە، نازناوی **(أمير المؤمنين)**ەو، چوارەم جێنشینی راشدینە. ١٠ساڵ پێش هاتنی سروش بۆپێغەمبەر (د.خ) لەدایك بووە لەساڵی (٤٠)ی کۆچیدا کۆچی کردووە. گیانی خۆی بۆپێغەمبەر بەختکردووە.

ئەو شەوەی پێغەمبەر (د.خ) مەککەی بەجێهێشت وکۆچی کرد بۆمەدینە، عەلی کوڕی ئەبی تالیب لەجێگەکەیدا مایەوە لەبەر دوو هۆ:

١- سەرتێکدان لەو جەنگاوەرە قورەیشیانەی هاتبون پێغەمبەر (د.خ) بکوژن، تا هەست نەکەن لەماڵ چۆتە دەرەوە.

٢- بەمەبەستی گێڕانەوەی سپاردەکان بۆخاوەنەکانیان کەلای پێغەمبەر (د.خ) دایان نابوو.

بەشداریەکانی پێشەوا عەلی لەچالاکیە جەنگیەکاندا

مێژوونوسان کۆدەنگن لەسەر بەشداریکردنی پێشەواعەلی لەجەنگی بەدرو گۆڕەپانەکانی دیکەی جەنگدا جگە لەتەبوك، لەزۆر جێیشدا پێغەمبەر (دخ) ئالأی دەدایە دەستی. گرینگترین ئەو جەنگ وهێرشانەی بەشداربوە تیایدا ئەمانەن:

١- دەستە نێردراوەکان (حرکة السرایا).

٢- غەزوەی قوشەیرە.

٣- جەنگی بەدری یەکەم.

٤- جەنگی ئوحود.

٥- جەنگی بەنی نەزیر.

٦- جەنگی حمراء الاسد.

٧-جەنگی ئەحزاب (خەندەق).

دەنگدان بەجێنشینی عەلی کوڕی ئەبی تالیب

بەهەلبژاردن پێشەوا عەلی کرایە جێنشین ئەمەش دوای شەهیدبونی جێنشینی سێیەم(عوسمان کوڕی عەففان)، چونکە لەمەدینەدا کەسیان لەو شایستەتر بەدینەکرد هەرچەندە خۆی نەیدەویست ئەو بەرپرسیە وەرگرێت. بەلأم سوربوونی هاوەڵان لەسەر دەنگدان بەپێشەوا عەلی ناچاری کرد ئەو ئەرکە قەبوڵکات. ماوەی جێنشینی (٤ساڵ و٩مانگ و٣رۆژ) بوو.

واتای چەمکی کارگێری لای پێشەوای موسڵمانان، عەلی(ر.خ)

١- بوونی شارەزایی زانست.

٢- لەناوبردنی دۆگمایی.

٣- چاودێری هۆشیارانە.

٤- کار پێسپاردن بەپێی ڕێسای پێویست، نەك لەڕێی پەیوەندیی کەسییەوە.

گفتوگۆ

١- ماوەی جێنشینی **عەلی کوڕی ئەبی تالیب چەندبوو.**

٢- هەڵبژاردنی عەلی بە جێنشین **چۆن بوو.**

٣- چاودێری لەکارگێڕیدا دەبێت چۆن بێت.

وانەی بیستو سێیەم

جێنشین و چاکسازی داد پەروەرو گەورە

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز(خ.ر)؛

ئـەم جێنـشینە نـاوی عومـەر کـوڕی عەبدولعـەزیز کـوڕی مـەروانی کـوڕی حەکەمـە زانایـەکی بـەتواناو خوداپەرسـت ودنیـا نەویـست بـوە، هەربۆیـە لـەریزی (جێنـشینە) راشـدیەکان واتـە بەپێنجـــەم جێنـــشینی راشـــیدین دەژمێردرێـــت لەدادگـــەری وبـــەڕێوەبردنی کاروبـــاری موسڵمانانـدا.

عەبدولعـەزیزی بـاوکی لەباشـترین میرەکـانی نـەوەی ئومەییـە بـوو. جێنـشین عومـەر لەسـاڵی (٦١)ی کۆچیدا لەدایك بوەو لەساڵی (١٠١)ی کۆچیدا لەشام کۆچی دوایی کردوە. کەسێکی گەنم رەنگ ولاواز بوو لەجەستـەدا، چـەند فاکتـەرێك رۆڵیـان هـەبوو لـەپێکهێنانی کەسایەتیدا لەوانە:

١- هەر لەتافی منداڵیدا هۆگری زانست بوو، هەروەها توانیشی قورئانی پیرۆز لەبەربکات.

٢- دۆخـی کۆمەڵایـەتی: عومـەر لەژینگەیـەکی کۆمەڵایـەتی ئـەوتۆدا دەژیـا زۆر لـەباربوو بـۆ هەڵکەوتی کەسایەتی، ژینگەیەکی پڕ لەخوداناسی وچاکەکاری وزانستخوازی وپـەیرەوکردن لەقورئان وسوننەت.

٣- لەسەر دەستی گەورە شارەزایان وزانایانی ئاینی دا لەمەدینە، پەروەردەبوو.

ڕێڕەوی عومەر لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا

لەیەکەم وتاریدا دوای دانرانی بەجێنشین لەسەر دوانگە گوتی:

((خەڵکینـــە مـــن ئـــەرکێکم بەســـەردا دراوە کەپرســـم پێنـــەکراوە، داواشـــم نـــەکردوەو بەراوێـژکردنیش وەرم نـەگرتووە، بۆیـە ئێوە هـیچ ناچارنین بەپابەنـدبون بـە جێنـشینی مـن وسەرپـشك بـن بۆهەڵبـژاردنی کەسێکی دیکـە)) خەڵکەکـە بەیـەك دەنگ هاواریـان کـرد، ئێمـە هەموو تۆمان قەبوڵەو بەپێشەوای خۆمانت دەزانین، پشت بـەخودا ببەستەو لەگـەڵتاین، بۆیـە دەستی کـرد بـەدانانی پلانـی کـارگێری بۆکۆمـەڵی موسـڵمانان وپێشەواتییان، چونکە زانـی کەدەبێت ئەو ئەرکە بەجێبهێنێت وگوتی:

((دوای سوپاسـی خـودا، بـزانن پێغەمبـەرێکی دیکـە پـەڕتوکیکی دیکـە لەئاسمانـەوە نایـەت، حـەڵاڵ تـارۆژی دوایـی هـەر حەڵاڵـەو بڕیـاری خـودا نـەگۆڕە، مـن بڕیـاردەرو دادوەرنـیم بـەڵکو جێبـەجێکارم، هـەروەها داهێنـەر نـیم بـەڵکو شـوێنکەوتووم گوێرایـەڵی هـیچ کەسـێك لەسەرپێـچی فـەرمانی خـودادا ناکرێـت، منـیش چـاکترینی ئێـوەنیم بـەڵکو کەسـێکم وەك هەریەکێکتان، تەنها ئەوەیە بارێکی قورس لەسەر شانمە کەبەرپرسیە)).

دادگەری لەسایەی حوکمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا

لەدوو بواردا دادگەری عومەر وێنا دەکرێت:

١- ڕێگری لەستەمکاری وگێرانەوەی ماف بۆستەم لێکراو نەهێشتنی پێشێلکاری سەبارەت مافی خەڵك لەگیان وماڵیان، لەگەڵ سزادانی ستەمکارو دەستدرێژیکار.

٢- وێنـای دووەم: سـەبارەت بـە مافـەکانی تاکـە لەسـەر دەوڵـەت وپاراسـتنی ئازادییـەکان وژیـانی ڕۆژانـەیان ، بەشێوەیەك پەککەوتەیـەکی بـێ مـاف وهەرەشـە لێکراوێکـی ترسـێنراو هـەژارێکی بـێ نـەواو لاوازێکـی بـێ پـشت بـەدی نـەدەکرا، کـە ئەمانـەن ئـەرکی فـەرمانڕەوا لەئیسلامدا.

جێنـشین عومـەری کـوڕی عەبدولعـەزیز بـەردەوام بـوو لەسـەر پیـادەکردنی ئـەم روکارانـەی دادگـەری، چـونکە بەسـپاردەیەکی جـەماوەری دەزانـی لەئەسـتۆیدا وخـۆی بەکرێگرتـەو خزمەتکاریان لەقەڵەم دابوو.

کاروباری بواری کارگێری لەسەردەمی عومەردا

١- لەهەلبــژاردن ودەستنیــشانکردنی کارمەنــدان وبەرپرســانی هــەرێم وناوچــەکاندا زۆر رەچــاوی کەســـایەتیانی دەکـــرد، لـــەرووی خوداپەرســـتی وخێرخـــوازی وچـــاکەکاری ودادگەرییــەوە، چــونکە ئــەوان نوێنــەری جێنــشین دەبــوون لــەو جێیانــە، ئاوێنــەی حــوکمی ئەوبوون.

٢- سەرپەرشتیکردنی راستەوخۆ لەلایەن خۆیەوە بۆکاروباری کارگێری ناوچەکان، بەوردو درشـــتەوە، لەگـــەل چـــاودێریکردنی راپەرانـــدنی کاروبـــاری دانیـــشتوان بەمەبەســـتی دەستبەرکردنی دادگەری.

٣- پلانــدانان بــەو واتایــەی کەپرۆســەیەکە پێداویــستیەکانی ئاینــدە دابینــدەکات لــەرێی ئامادەسـازی هەنوکەییــەوە وەك نەخــشە رێگایــەك. عومــەری کــوری عەبدولعــەزیز لــەو جــۆرە سەرکردانەبوو بریاری پێشوەخت وبێ پلان وبێ لێکدانەوەی ئەنجامەکانی نەدەدا.

٤- رێکخستنی کاروبار لەسەردەمی عومەری کوری عەبدولعەزیزدا: ئـەم چەمکە تەواوکـەری پلاندانانە بەمەبەستی بەکردەیی کردنی پلانەکان، لەسـەردەمی عومـەردا پرۆسـەی رێکخستن لەریزی کارە یەکەمینەکانیدا بوو.

٥- خۆپاراستن لەگەنـدەڵی کـارگێری: ئـەم جێنـشینە بـەرێزە کۆشـشی دەکـرد بـۆ رێگـری ولاگیری لەگەندەڵی کارگێری ودەروازەکانی ئەو دەردە کوشندەیەی بەستبو، تا درۆ وبـەرتیل ودیاری بردن بۆ بەرپرسان وزیادە رۆیی بنەبربکات.

گفتوگۆ

١- فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر پێکهاتنی کەسایەتی عومەری کوری عەبدولعەزیز، کامانەن؟

٢- (عومەری کوری عەبدولعەزیز پەرۆش بوو بۆ هەلبژاردنی کارمەندان وفەرمانبەرانی دەوڵەت لەکەسانی خێرخوازو چاکەکار). ئەم دەستەواژەیە شیبکەرەوە.

٣- پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە:

أ- پلاندانان لەئیسلامدا . ب-رێکخستنی بواری کارگێری.

٤- دادگەری لەسەردەمی عومەردا دوو بواری لەخۆگرتبو. کامانەن؟

٥- لەدیدی عومەری کوری عەبدولعەزیزەوە چەمکی (بەرپرسێتی ودەسەلآت) چی دەگەیاند.

وانەی بیستو چوارەم

چەند گۆشەیەك لەژیانی شوێنكەوتوان
(زین العابدین) (س.خ)

شوێنكەوتووان: بریتیە لەو موسلمانانەی كە لە پاش كۆچی دوای پێغەمبەر(د.خ) هاتوونەتە دونیا، واتە چاویان بە پێغەمبەر(د.خ) نەكەوتووە، بەڵام چاویان بە هاوەڵانی كەوتووە، بنەماڵەو خانەوادەی پێغەمبەری خودا محمد(د.خ) پێگەیەكی گەورەو دیارو ڕێزداریان هەیە لای سەرجەم موسڵمانان، وەك ئەستێرەی ئاسمانی خوداناسی وپارێزكاری ورەوشتی بەرزو دنیا نەویستی وێناكراون وهەمیشە درەوشاوەبوون. ئەمەش وای كردوە خۆشەویستی وپەیڕەوییان بەردەوام بوە لەنێو موسڵماناندا. لەهەڵكەوتوانی نێو ئەو خانەوادەیەش زین العابدین(س.خ).

ناو ونازناوی

ناوی: عەلی كوڕی حوسێنی كوڕی عەلی كوڕی ئەبی تاڵبە. نازناوی بە(زین العابدین) ناسراوە بەواتای (پوختەو هەڵبژاردەی خودا پەرستان). لەرووی ئاكارو چاكە خوازی ویارمەتیدانەوە پێشرەو بووە.

زانست ولەخوداترسانی

(**زین العابدین**) لەسایەو سێبەری حوسێنی باوكیدا گەورەبووەو زانست ومەعریفەی وەرگرتوە، باوكی وەك سەرمەشق سەیركردوە لەئاكارو رەوشتیدا. پەیوەست بوو بەمزگەوتی پێغەمبەرەوە (د.خ). هەمیشە هاوكۆڕی زاناو شارەزایان بوە. قورئانی پیرۆزی بەرامان وبیرلێكردنەوە دەخوێندەوە، بۆیە ببوە كەسێكی پارێزكارو خاوەن زانستی فراوان.



نموونەیەك لەرەوشتی بەرزی

زین العابدین بەرەوشتی بەرزو پەسەند ناسرابوو کەبەڕاستی سەلماندبووی لەبنەماڵەی پێغەمبەرایەتیە. جێی ڕێزو ستایشی بەرزی خەڵك بوو، لەگەڵ ئامۆزایەکی ناکۆکی لێك تێنەگیشتنیان دەبێ، ئامۆزاکەی دەڵێت: بەتوڕەییەوە چومەلای وئەوەی نەشیاوبێت پێم گوت، بەڵام (**زین العابدین**) بێدەنگی هەلبژارد. پاشان ڕۆیشتم.

لەشەودا لەدەرگامان درا، کە کردمەوە بینیم(**زین العابدین**)ە، وام زانی هاتوە تۆڵەی قسە توندەکانم لێبکاتەوە. بەڵام بەنەرمیەکەوە گوتی: ئەگەر قسەکانت ڕاست بوە ئەوا داوا لەخودا دەکەم بمبەخشێت، خۆ ئەگەر ناراست بوە، ئەوا هیوادارم خودا لێت ببورێت.

پاشان سڵاوی کردو بەجێی هێشتم، ئامۆزاکەی دەلێت: منیش بەدوایدا چوم وبەڵێنم پێی دا هەرچی ئەوەی پێی ناخۆش بێت نەچمەوە سەری، ئەویش منی لاواندەوەو گوتی: گەردنت ئازابێت هەرچیت گوتوە.

گفتوگۆ

١- بنەماڵەی پێغەمبەر کێ دەگرێتەوە؟ پێگەیان لای موسڵمانان چیە؟

٢- (زین العابدین) نازناوی کێیە؟ بۆچی ئەو نازناوەی دراوەتی؟

٣- چەند ئاکارێکی (زین العابدین) بڵێ؟

٤- ئـەو وانـەو پەندانـە چـین لەروداوەکـەی نێـوان (زیـن العابـدین)وئامۆزاکەیـدا بەدیدەکرێن؟

وانەی بیستو پێنجەم

لە زانایانی ناوداری کورد

(مەلا خەلیل سێرتی)

ئاشکرایە لەنێو گەلی کورددا زانای ناودار وهەڵکەوتو زۆرن کەخزمەتی ئاینی ئیسلامیان کردوە پشکیان هەبوە لەبنیاتنانی شارستانیەت وژیاری ئیسلامی ومرۆییدا. هەروەها رۆلی گرنگیان گێراوە لەپەخشکردنی رۆشەنبیری گشتی وزانستی ئیسلامیدا. پەرتوکخانەی ئیسلامیان پاراوکردووە بەهەزاران بەرگ لەنوسراوو پەرتوك لەجۆرەها بواردا بەچەندین شێوە زمان، لەو زانا ناودارانەش مەلا خەلیلی (سێرتی)یە.

ناو وبنەماڵەی

ناوی(**خەلیل کوڕی مەلا حسین کوڕی مەلا خالید**)ە. ساڵی ١٧٥٤ز لەهیزان ی خواروی دەریاچەی (وان)ی سەربەویلایەتی (تەبلیس) لەکوردستانی باکور چاوی بەژیان هەڵهێناوە.
ئەم زانایە بەمەبەستی خوێندن و وەرگرتنی زانیاری لەنێوان چەندین شارو ویلایەت لەخواروی تورکیاو باکوری عێراقدا هاتوچۆی کردوە. تا دواجار لەویلایەتی (سێرتی) جێگیربوەو هەلارلەوێدا لەساڵی ١٨٤٣ز کۆچی دوایی کردوەو نازناوی (سێرتی) هەرلەوێ پێ بەخشراوە.

زانست و رۆشەنبیری

ئەم زانایە:

سەر بە بنەماڵەیەکی زانست پەروەرو زانا دۆست بوە، هەر لەمنداڵیەوە بەهاورێیەتی باوکی دەچوە کۆری زانست لەمزگەوتەکانی کوردستان. کەسێکی زیرەك وهۆگری زانست وزانایان بوە. بەشێوەیەك لەماوەیەکی کورتدا فێری خوێندن ونوسین بوەو سەرنجی مامۆستایانی بۆ خۆی راکێشابوو.

مرۆڤێکی بەهیوابوەو خولیای وەدەستهێنانی پلەی بەرزبوە لەزانستدا، هەربۆیە لەنێوان شارەگەورەکانی دورگەی بوتان وتەبلیس وئامێدیدا هاتوچۆی کردوە. تا مۆڵەتی زانستی لەسەردەستی گەورە زانا (محمود بادینی) دا کەموفتی شاری ئامێدی بوە، بەدەست هێناوە.

پیشەی مامۆستایی وپێش نوێژی لەزۆر جێدا بەجێهێناوە، ژمارەیەکی زۆر لەزاناو شارەزای ئاینی بەناوبانگی پێگەیاندووە.

گرنگی زۆری بەبواری ئەدەبی داوە بەهەردوو زمانی کوردی وعەرەبی و، زۆرێك لەپەرتوکی جۆراوجۆری ئەدەبی وئاینی لەزمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی بەشێوازێکی هونەری ناوازە.

سەرەرای ئەمانەش هۆگری هۆنراوە بوەو لەو بوارەشدا ژمارەیەکی زۆر لەکۆپلە هەڵبەستی هەبوە لەگەڵێك بواردا.

نوسین وبەرهەمەکانی

ئەم زاناو ئەدیبە بەرهەمێکی فراوانی لەپەرتوك وپەراونامە هەبوە لەزانستی جۆراوجۆری ئاینی وئەدەبیدا. زۆربەی ئەو بەرهەمانەش بەزمانی کوردی وعەرەبی بوە کەژمارەیان لە(٣٥) پەرتوك وپەراونامە تێپەریوە گرینگترینیان:

١- تبصرة القلوب (لە راڤەکردنی قورئانی پیرۆزدا).

٢- منظومة نهج الانام (لە عەقیدەی ئیسلامدا - بەهەردو زمانی کوردی وعەرەبی).

٣- منظومة فی تجوید القرآن (بەزمانی کوردی).

گفتوگۆ

١- مەلا خەلیل سەر بە چ بنەماڵەیەکەو کەی ولەکوێ لەدایک بوە؟

٢- ئەو گەورە زانایەی مۆلەتی زانستی بەمەلا خەلیل بەخشی کێ بوو؟

٣- جگە لەبواری ئاینی، گرنگی بەچ بوارێکی دیکەدا بوو؟

٤- ژمارەی بەرهەمە نوسراوەکان چەندە؟

٥- ناوی سیان لەو بەرهەمانە بلێ ؟

٦-ناوی سیان لەزانایانی ناوداری کورد بلێ کەخزمەتیان بەئاینی ئیسلام کردبێت.

ناوەڕۆك

ژمارەی لاپەڕە	بابەت	ژ
٣	پێشەکی	١
٥	وەرزی یەکەم	٢
٧	وانەی یەکەم – باوەڕ بەپەرتوکە ئاسمانیەکان	٣
١٠	وانەی دووەم – چاکەکاری لەخودا پەرستی	٤
١٢	وانەی سێیەم – دوای مردنی مرۆڤ چ شتێك بەسوودە	٥
١٤	وانەی چوارەم – برایەتی وپێکەوە ژیان لەئیسلامدا	٦
١٦	وانەی پێنجەم– دادگەری (دادپەروەری)	٧
١٩	وانەی شەشەم – ئەمەکداری	٨
٢١	وانەی حەوتەم – ڕێزگرتن لەئیسلامدا	٩
٢٤	وانەی هەشتەم – بەزەیی وسۆز لەئاینی ئیسلامدا	١٠
٣٠	وانەی نۆیەم – پەندو ئامۆژگاری لەچیرۆکی پێغەمبەراندا	١١
٣٤	وانەی دەیەم – ڕۆژو گرتن وحوکمەکانی	١٢
٣٦	وانەی یانزەم – مەرجەکانی پێویستبونی ڕۆژو	١٣
٣٨	وانەی دوانزەم – خۆپاراستن لەمەترسیەکانی مین	١٤
٤٢	وانەی سیانزەم – حەرامبونی دیاردەی بەرتیلکاری	١٥
٤٥	وەرزی دووەم	١٦
٤٧	وانەی چواردەم – رامان لەدروستکراوەکانی خودا	١٧
٥٣	وانەی پانزەم – ئاشتەوایی نێوان خەڵك	١٨
٥٩	وانەی شانزەم – زەکات وهەندێك لەحوکمەکانی	١٩
٦٣	وانەی حەڤدەم – ماڵبەخشین وسوودەکانی	٢٠

٢١	وانەی هەژدەم – لەمافەکانی موسڵمان لەسەر موسڵمان	٦٦
٢٢	وانەی نۆزدەم – پاوانکاری وشاردنەوەی شمەك	٦٨
٢٣	وانەی بیستەم – چەند وانەو پەندێك لەژیانی پێغەمبەران	٧٢
٢٤	وانەی بیست ویەکەم – چەند وێنەیەك لەژیانی هاوەڵان	٧٦
٢٥	وانەی بیست ودووەم – عەلی کوڕی ئەبی تالیب	٧٨
٢٦	وانەی بیست وسێیەم – جێنشین وچاکسازی دادپەروەرو گەورە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (خ.ر)	٨١
٢٧	وانەی بیست وچوارەم – چەند گۆشەیەك لەژیانی شوێنکەوتوان (زین العابدین)	٨٤
٢٨	وانەی بیست وپێنجەم – لەزانایانی ناوداری کورد (مەلا خەلیل سێرتی)	٨٧
٢٩	ناوەڕۆك	٩٠